
تەوەر

# رەفیق سابیر



هەوواڵنامەی کتێب



هەوواڵنامەی کتێب

* رەفیق سابیر لە ساڵی 1950 لە شاری قەڵادزێ لەدایک بووە.

* خوێندنی سەرەتایی، ناوەندی و ئامادەیی لەوێ تەواو کردووە.

* لە ساڵی 1970 - 1974 لە زانکۆی بەغدا، کۆلێجی ئەدەبیات، بەشی زمان و ئەدەبی کوردی، خوێندوویەتی.

* لە هاوینی ساڵی 1972 تائەیلوولی 1987 وەک رۆژنامەنووس، لە رۆژنامەی بیری نوێ، لە بەغدا، کاری کردووە.

* لە ساڵی 1976 یەکەمین کۆمەڵەهۆنراوەی بەناوی (پشکۆکان دەگەشێنەوە) لە بەغدا بڵاو بۆتەوە.

* لە سەرەتای ساڵی 1981 لە شاخ لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەر یەکێتیی نووسەرانی کوردستانیان دادەمەزراندووە، هەروا گۆڤاری (نووسەی کوردستان) یان دەرکردووە.

*لە هاوینی ساڵی 1982 دوای پەرەگرتنی شەڕی براکوژی، کوردستانی بەجێ هێشتووە و چۆتەوە بۆ بولگارستان. لەوێ لە ئەکادێمیای زانستە کۆمەڵایەتییەکان، بەشی فەلسەفە، درێژەی بە خوێندن داوە.

* لە هاوینی ساڵی 1978 بڕوانامەی دوکتۆرای لە فەلسەفە وەرگرتووە. دوکتۆرنامەکەی بە ناوی (رۆڵی کولتوور لە پێکهێنانی هۆشیاریی نەتەوەیی کورد) نووسیوە.

* لە ناوەڕاستی ساڵی 1989 وەک پەنابەر لە وڵاتی سوێد نیشتەجێ بووە.

* لە بەهاری ساڵی 1991 تا سەرەتای ساڵی 2001 لەگەڵ بەڕێزان د.کەمال میراودەلی، هاشم کۆچانی و کاروان عەبدووڵڵا، گۆڤارێکی کولتووریی وەرزییان بە ناوی (رابوون) لە سوێد دەرکردووە.

* لە ساڵی 2006 لە سلێمانی سەرۆکی مەڵبەندی کوردۆلۆجی بووە.

* لە ساڵی 2001 خەڵاتی ئەدەبیی (کلاس دی ڤیلدێ)ی سوێدی پێ بەخشرا. ئەو خەڵاتە ئەدەبییە دوو ساڵ جارێک بە نووسەرێکی بیانی دەدرێت، کە بەرهەمەکانی بە سوێدی بڵاو کرابنەوە.

* لە ساڵی 2007 خەڵاتی ئەدەبیی (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد)ی لە سلێمانی پێ بەخشرا.

* هۆنراوەکانی رەفیق سابیر بۆ چەندان زمانی بیانی تەرجومە کراون، لەوانە عەرەبی، فارسی، ئینگلیزی، فرەنسی، سوێدی، دانمارکی، نەرویجی، هۆڵەندی و ئیستۆنی.

* لە ساڵی 2001-2009ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە. دوای دوو ساڵ دەستی لە کارەکەی بەرداوە.

## بەرهەمەکانی رەفیق سابیر

هۆنراوە:

-پشکۆکان دەگەشینەوە، بەغداد 1976

-رێژنە، مهاباد 1979

-سووتان لەبەر باراندا، لەندەن 1985

-وەرزی سەهۆڵبەندان، لەندەن 1987

-لاوکی هەڵەبجە، بەیروت 1989

-کاروانسەرا، سوێد 1990

-وەرزەبەردینە، ئەڵمانیا 1992

-دیوانی رەفیق سابیر، بەرگی یەکەم، سوێد 1993

-ئاوێنە و سێبەر، سوێد 1996

- ژوانی رووناکی، سوێد 1997

-روونبوونەوە، سوێد 2001

-بە تەنیا جێی مەهێڵن (سەرجەمی شیعرەکان) چاپ و بڵاوکردنەوەی رەنج، سلێمانی 2007

-راز و گومان (سەرجەمی شیعرەکان) چاپ و بڵاوکردنەوەی رەنج، سلێمانی 2007

-دیوانی رەفیق سابیر بەرگی یەکەم و دووەم، پەخشخانەی غەزەلنووس، سلێمانی 2014

- کۆی بەرهەمە شێعرییەکان، پەخشخانەی مانگ، بانە 2017

- ئەویننامە، پەخشخانەی مانگ، بانە 2017

زۆربەی کۆمەڵەهۆنراوەکانی چوار تا شەش جار چاپ کراونەوە.

لێکۆڵینەوە

-بەرەو مێژوو، سوێد 1991

-ئیمپراتۆریای ڵم، سوێد 1998

-کولتوور و ناسیۆنالیزم، سوێد 2002

- عێراق بەدیموکراتیکردن یان هەڵوەشاندنەوە، سلێمانی 2005

-بەستانداردکردنی زمانی کوردی، سلێمانی 2008

- روانین لە بولێڵدا (وتوویژ)، پەخشخانەی مانگ، 2001


بە زمانی ئینگلیزی:

شیعری مۆدێرنی کوردی و ئەنتۆلۆگیای شیعری کوردی (لەگەڵ کەمال میراودەلی) سوێد، زانکۆی ئوپسالا 2005

هەوواڵنامەی کتێب

# له سروشتی جوانەوە بۆ جوانیی مرۆڤ

## خوێندنەوەیەك بۆ هایكۆكانی دەفتەرە شیعری «ئەویننامە»ی ڕەفیق سابیر



Poets are the unacknowledged legislators of the world.

**شاعیران یاسادانەرانی دانپێدانەنراوی جیهانن.**

**(پێرسی شێلی، بەرگریی لە شیعر، 1821)**

هەواڵنامەی کتێب

**عەبدولخالق یەعقووبی**

**ڕەفیق سابیر لە هایکۆکانی دەفتەرە هۆنراوەی «ئەویننامە»دا سروشت و جوانییە زۆرتر نەبینراوەکانی، دوور لە مرۆڤ و دەرکەوتەکانی، دەکاتە بەستێنی وێنەداڕێژی و واتاخوڵقێنیی خامەی وردبینی، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە کەمتەرخەمیی خۆی لە هەمبەر سروشت و هاوکات لە جوانیی سروشت ئاگادار بکاتەوە.**



ڕەفیق سابیر لە هایکۆکانی دەفتەرە هۆنراوەی «ئەویننامە»دا سروشت و جوانییە زۆرتر نەبینراوەکانی، دوور لە مرۆڤ و دەرکەوتەکانی، دەکاتە بەستێنی وێنەداڕێژی و واتاخوڵقێنیی خامەی وردبینی، بۆ ئەوەی مرۆڤ لە کەمتەرخەمیی خۆی لە هەمبەر سروشت و هاوکات لە جوانیی سروشت ئاگادار بکاتەوە. مرۆڤ ئەو کاتەی سروشت دەکاتە بەروبوومی ژیانی ڕۆژانە (ئەوکاتەی پەپوولەیەک دەکرێتە ئامێری تاقیکارییەکی زانستی لە پێناوی دەستکەوتێکی مادی)، یان پێگەیەک بۆ ڕابواردن و ڕامالینی وەخت (ئەو کاتەی گردێکی سەرسەوز و دڵڕفێن دەبێتە شوێنی ڕمبازێنی ڕاوچییانی کەو و کەوباڕ) کەمتەرخەمانە جوانییەکانی سروشت دەکاتە قوربانیی مەیلی شارستانییانەی بۆ تێرکردنی ئەو شتەی لەوانەیە بشێت پێی بگوترێت «ورگی ئایدیالۆژی»، ئایدیالۆژییی پاوانخوازانەی لە چەشنی سەرمایەداری، دینداری، فاشیزم، ناسیونالیزم، و هتد. لە هایکۆکانی «ئەویننامە»دا مرۆڤ زۆر کەم دەکەوێتە بەر چاو، نەک لە بەری ئەوەی شاعیر خۆی لە ڕاستییەکانی بوونی مرۆڤ شاردووەتەوە، بەڵکو لە سۆنگەی ئەوەی مرۆڤ تا مەودایەکی لە تەک سروشت چێ نەکات و تا نوقمی چێژ و خۆشییەکانی سروشت بێت، ناتوانێت ورد و تامەزرۆیانە بۆ سروشت و دەرکەوتەکانی بڕوانێت. ئەم بۆچوونە لە خوێندنەوەیەکی خێرا و وردی هۆنراوەی خوارەوەدا خوویا دەبێت:

**پەڕینەوە**<br>
**لە پڕ تاریکی ڕەوییەوە**<br>
**بە نێو دەریاچەکەدا مانگ**<br>
**وێنەی بەلەمێك پەڕییەوە.**

(ئەویننامە، ل، 63)

لەم هایکۆیەدا کامێرایەک بە سەر دەریاچەیەکەوە داندراوە (با بڵێین چاوی شاعیر)، و ئەم کامێرا وردبینە وێنەیەکی دەگمەنی چرکەساتێکی دەگمەن و جوانی نێو دەریاچەیەکی تۆماری زمانی کردووە. داڕشتنی فرەشاعیرانە و سروشتگەرایانەی ئەم هایکۆیە وای کردووە خوێنەرەوە تەنانەت هەست بە بوونی دەستی داهێنەرانەی شاعیریش نەکات. هەڵبەت تارمایی دەنگ و دەسەڵاتی شاعیر لە ڕستەی «وێنەی بەلەمێک پەڕییەوە» تا ڕادەیەک خۆی دەردەخات، بەڵام ئەم شوبهاندنەش لە بەر ئەوەی مەنتقی سروشتخوازانەبوونی کەشوهەوای هۆنراوەکە دەپارێزێت زۆر زەق و نەگونجاو نانوێنێت. جیا لەمە، شاعیر هەر لە سەرەتاوە بە وشەی «لە پڕ» هەم سەرنجی خوێنەرەوە بۆ نێوئاخنی وێنەیی و پەیڤیی هۆنراوەکەی ڕادەکێشێت،

هەمیش پێمان دەڵێت ئەم دیمەنە دیمەنێکی خێرا و دەگمەن، و هەر بۆیە شازە. خوێنەرەوە تا نەگاتە کۆتایی ئەم کورتە شیعرە نازانێت بۆچی، لە کوێ، کەی، و چۆن «لە پڕ تاریکی ڕەوییەوە»؛ ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چەشنێک لە هەڵپەساردنی پێکهاتەیی (structural suspension) لە دەقی هۆنراوەکەدا چێ ببێت و لایەنی جوانیناسانەی فۆرم و واتاکەی تۆختر دەکات. لە باری مۆسیقاییشەوە، شیعرەکە جۆرێک لە ڕاسان و ڕۆچوونی دەنگی سروشتی تێدایە (هاوشێوەی هاژەهاژ و بەرز و نزمبوونەوەی وردە شەپۆلەکانی ژێر بەلەمێک لە ئاوی دەریادا)، و لە هەمان کاتدا «ڕەوییەوە» و «پەڕییەوە» هارمۆنیایەکی سەروائاسای نەرمونیان بە لەحن و ڕاوێژی دەقەکە دەبەخشن. بە کورتی، ئەم هایکۆیە تەنیا دەربارەی سروشت نییە، بەڵکو خۆی نەک هەر کەشوهەوای سروشتی گرتووە، بگرە لە نێو تانوپۆی زمانێکی شاعیرانەدا خۆی بووەتە پاژێک لە سروشت. هەڵبەت ڕەفیق سابیر وا نییە لەم هایکۆیانەدا بە یەکجاری مرۆڤ لە کامێرای سەرنجی شاعیرانەی بشواتەوە. ئەوەی خاڵی سەرەکییە لە دەقە هایکۆییەکانی «ئەوینامە»دا مرۆڤ نابێتە تەوەری گوتاری شاعیرانە، بەڵکو ئەوە سروشت و ڕەگەزەکانی سروشتن کە باڵیان کشاندووە بە سەر پێکهاتە، زمان، فۆرم، و گشتێتیی هایکۆکاندا. مرۆڤ ئەگەریش ئامادە بێت، ئەوە لە پەراوێزی سروشتدا دەبیندرێت، بێ ئەوەی ببێتە پاشکۆی سروشت؛ وەک بڵێی گەورەیی مرۆڤ لەوەدا نییە سواری سەری سروشت بێت (ئەو شتەی پیشەسازی، گلۆبالیزم، و کاپیتالیزم تا سەر ئێسک کردوویانە)، یان ملکەچی سروشت بێت (ئەوەی لە جەبرگەرایی دینیدا، وەکو پرسی «قەزا و قەدەری ئیلاهی» ڕێگای پێدەدرێت)، بەڵکو ئەوەیە شانبەشانی سروشت لە پاراستنی جوانیی ئەم جیهانە و شانوشکۆی ئینسانیی خۆیدا پشکدار و ئەرکدار بێت. با سووکەلەنگەرێک لە سەر ئەم هایکۆیەی شاعیرەکەمان بگرین:

**شەوگەڕ**

**شەو ئارام و شار نووستووە**

**کۆڵان بە کۆڵان**

**مانگ دوام کەوتووە.**

(ئەوینامە، ل، 61)

لەم هایکۆیەدا «شەو» و «شار» نوێنەری مرۆڤن؛ شەو نەمانی جەنجاڵی و قەرەباڵغیی ڕۆژی مرۆڤە، و شاریش شوێنی ئەو جەنجاڵی و قەرەبالغییە. هەرچی «مانگ»ە هێمایە بۆ سروشت و ئاماژەیە بۆ هێزی سروشت و جوانیی سروشت، و بە کورتی و بە گشتی سیحری سروشت. «دەنگی شیعری» (تۆ بڵێ شاعیر و/یان خوێنەرەوە، واتە مرۆڤ) لە دوابەشی هۆنراوەکەدا دەردەکەوێت، کاتێک دەزانین لەو شەوە ئارام و لە نێو ئەو شارە نووستووەدا مانگ کۆڵان بە کۆڵان دوای کەوتووە. ئەم دەنگە دەنگی مرۆڤێکی شەوگەڕە (وەک چۆن ناوی هایکۆکە ئاماژەی پێدەکات)، مرۆڤێک کە بە پێچەوانەی شەو ئارام نییە و بە پێچەوانەی شاریش نەنووستووە؛ واتە بە پێچەوانەی مرۆڤەکانی تر ئۆقرەی لێ هەڵگیراوە و خەو لە چاوی تۆراوە. لێرەدا، شاعیر دەخوازێت پێمان بڵێت من و سروشت (مرۆڤ و مانگ) لە هەدانەدان و بێخەوی وەکو دوانە واین، کە خۆی دەتوانێت ئاماژەیەکی دوور بەڵام دروست بێت بۆ مرۆڤێک کە ئاشقە، و هەر بۆیە شەوگەڕیشە. ئەم ئاشقە شەوگەڕە باوەڕی بە داسەکنان و خەوتن نییە، و هەمووجوانییەک و هەرچی گەشەکردنێکە لە بزووتن و

هەمووانامەی کتێب

ڕانەوەستاندا دەبینێت و دەبینێتەوە.

پێویست بە ڕوونکردنەوەی ورد بۆ خوێنەرەوەی وردبینی شیعری کوردی ناکات کە ئەم هایکۆیەی ڕەفیق سابیر لەگەڵ دوو شیعری بەناوبانگی دوو شاعیری پێشەنگی شیعری نوێی کوردی لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان لە پەیوەندییەکی نێواندەقیی (Intertextuality Relationship) تۆخ و تۆکمە دایە: شیعری «خەوەبەردینە»ی سوارە ئیلخانیزادە (نەوەستان دەوەستێ بە دەستێ / کە خاراوی ئیش و سواوی سوێ بێ / لە هەر شوێنێ ڕاماوە، داماوە، کاری تەواوە / ئەزانێ ئەبێ هەر بژێ و باژوێ، تا بژی تا بمێنێ /هەناوی بە هەنگاوە، نەسرەوتنە کوولەکەی ڕووحی ئاوە) و شیعری «ئەی مانگ»ی عەبدوڵا گۆران (ئەی مانگ ئەمن و تۆ هەر دوو هاودەردین / هەردوو گرفتاری هەناسەی سەردین / تۆ وێل و ڕەنگ زەرد بە ئاسمانەوە / منیش دەر بەدەر بەشارانەوە).

ئەم خەسڵەتە نێوان دەقییەش دەربڕی ئەوەیە کە زەمینەی چەمکیی (conceptual context) هایکۆکانی «ئەویننامە» جگە لە کەشوهەوا گشتییە ژاپۆنییەکەی، واتە چەقبەستن لە سەر سروشت و ڕەگەزەکانی، خاوەن زەمینە وبەستێنێکی کوردیشە کە وای کردووە تام و چێشکەی ئەم هایکۆیانە لە میزاجی کوردەواری لا نەدات، و هەر بۆیە بشێت بێ سێ و دوو ناوی هایکۆی کوردییان لێ بنرێت. کە واتە، گرینگیی هایکۆکانی ڕەفیق سابیر لە «ئەویننامە»دا هەر لەمە دایە کە سەرباری ئەوەی هایکۆن و ڕەچاوی ڕێسا گشتییەکانی هایکۆ دەکەن هاوکات لە چوارچێوەی سروشت و نەریتی شیعری نوێی کوردیدا دەسووڕێنەوە. بە وتەیەکی تر، ئەم هایکۆیانە ئەگەر وەکو قاڵب و واتای گشتی لاساییکردنەوەی هایکۆی ژاپۆنی بن، وەکو وردەکاریی وێنەیی و تایبەتمەندیی کولتووری جۆرێک لە هایکۆی خۆماڵی/کوردی-ن (کەموزۆر نیزیکە لە هەمان هاوکێشەی «تێفکرینی گلۆباڵی بە کارکردنی لۆکاڵی»). بۆ وێنە، لەم هایکۆیەی خوارەوەدا چێژ و بۆنی دەقەکە لە سۆنگەی باری واتایی و کولتووریی «گوڵەنێرگز» خۆماڵی/کوردییە (وەک ئەو حاڵەتەی کە دەنگی گۆرانیبێژێکی وەکو حەسەن زیرەک تەنیا لەگەڵ سروشتی کوردستان، لەگەڵ وێنەی کوێستان و زەنوێر و ڕانەمەڕ و چیاوچۆڵی کوردستان یەکدەگرێتەوە):

**خەمڕەوێن**
**تەنانەت شەو**
**بە بۆنەکەی ڕوون دەنوێنێ**
**گوڵەنێرگز خەمڕەوێنە.**

(ئەویننامە، ل، 69)

لەم هایکۆیەدا «شەو» شەوێکی سیمبۆلیک و تایبەت بە کەشوهەوای کوردستان نییە، بەڵام کە دواجار ڕوون دەبێتەوە ئەو شەوە بە بۆنی گوڵەنێرگزی خەمڕەوێن ڕوون دەبێتەوە دەردەکەوێت ئەو شەوە بۆی هەیە یەک لەو شەوانەی هەوارگە و کوێستانەکانی کوردستان بێت کە پڕ دەبێت لە بۆنی گوڵەنێرگز، و هەر بۆیە بە بۆنی خۆش گەش دەبێتەوە. لەم هۆنراوەیەدا «مرۆڤ» ئامادەبوونێکی دیاری نییە، بەڵام وشەی «تەنانەت» لە سەرەتای ئەم هایکۆیەدا ناڕاستەوخۆ تێماندەگەیەنێت نەک هەر مرۆڤ و نەک هەر ڕۆژ بەڵکو تەنانەت «شەو»یش بە بۆنی گوڵەنێرگزی خەمڕەوێن ڕوون دەبێتەوە. جگە لەمە، «گوڵەنێرگز» لەم هایکۆیەدا گوڵەنێرگزی ڕووت نییە، بەڵکو هێمایەکە بۆ هەموو سروشت و جوانییەکانی سروشت کە خەمڕەوێن و دڵڕفێنە. ڕەفیق سابیر بە وردی و جوانیناسە تاکە سیفەتێکی گوڵەنێرگز (واتە

خەمڕەوێنیـی) بـۆ ئامـاژەدان بـە هەمـوو سـیفەتە تایبەتەکانـی گوڵەنێرگـز (وەکـو جوانـی و هیوابەخشـی) و تاکـە ڕەگەزێکـی سروشـت (واتـە گوڵەنێرگـز) بـۆ ئامـاژەدان بـە هەمـوو سروشـت بـە کار دێنێـت.

هەڵبـەت شـاعیری هایکۆکانـی «ئەویننامـە» هـەوڵ دەدات ئەوەشـمان نیشـان بـدات جوانییەکانـی سروشـت ئەوکاتـە جوانـتر دەبـن کـە مـرۆڤ بیانکاتـە بەشـێک لـە جوانییەکانی ناخـی خـۆی. ئەگـەر مـرۆڤ سروشـت وەکـو تەنیـا دیارەدەیەکـی دەرەوەی ناخـی خـۆی سـەیر بـکات، ئـەوکات پـتر لـەوەی بخوازێـت بـۆ جوانکردنـی ژیانـی دەروونیـی خـۆی (ویژدانـی پـاک، ڕۆحـی ئاسـوودە، هزرینـی ئینسـانی) لـە سروشـتدا بتوێتـەوە (تـۆ بڵـێ پەیوەندییەکـی هاوڕێیانـە)، دێـت و بـۆ دەوڵەمەندکردنـی ژیانـی دەرەوەی خـۆی (شـاری مۆدێـرن، ئۆتۆمبیلـی شـاز، جادەوبانـی خێـرا) سروشـت دەتوێنێتـەوە (واتـە پەیوەندییەکـی داگیرکەرانـە). بـۆ نموونـە، لەم هایکۆیـەی خـوارەوەدا سروشـت و مـرۆڤ لـە جوانیـدا یـەک دەگرنـەوە و دەبنـە تەواوکـەری جوانیـی یەکـتر:

**زەردەپەڕ**
**خۆر ئاوا بوو**
**زەردەپەڕ لە چاوانتا**
**هەر مابوو.**

(ئەویننامە، ل، 85)

زەردەپـەڕی خـۆر لـە کاتـی ئاوابوونـی یـەک لـە دیمەنـە دڵکەشـەکانی سروشـتە؛ بـەڵام ئـەم زەردەپـەڕە کاتییـە، و بـە ئاوابوونـی خـۆر ئەویـش کۆتایـی پێدێـت، کەچـی شـاعیری هایکۆکانـی «ئەویننامـە» پاشـماوەی هێڵـی ئـەو زەردەپـەڕە لـە چاوانی بەرامبەرەکەیـدا (تـۆ بڵـێ گراوییەکـەی) دەبینێـت و لـە ڕێـگای ئـەم دەقـەوە بـۆ هەمیشـە تۆمـاری دەکات. لـەم




هەوواڵنامەی کتێب

هایکۆیەدا، جوانیی سروشت و جوانیی مرۆڤ ئاوێتەی یەکدی دەبن؛ خۆر لە چاوی یاردا ئاوا دەبێ، بەڵام زەرەپەڕی بزر نابێت و هەر دەمێنێت. ئەم دیمەنە تەنیا ڕاوکردنێکی ئیماژیستیی شاعیرانە نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا توانەوەی دۆخێکی باڵکێشی سروشتە لە هەستێکی ناسکی مرۆڤانەدا. ئیماژیزم وەکو لایەنێکی تەکنیکیی هۆنراوەی گۆرین تێکەڵ بە هەست و هزرێکی هیومانیستی دەبێت، و لەم ئاوێتەکارییەوە ڕەهەندی جوانیناسانەی ئەم هایکۆیە بیچم دەگرێت. کە واتە، ئەم هایکۆیە تەنیا وێناندنی سروشت نییە لە پێناوی نواندنی سروشت، بەڵکو یەکانگیرکردنی ناسنامەی سروشت و مرۆڤە بە مەبەستی دروستکردنی کارلێکێکی شاعیرانە/جوانیناسانە لە نێوان سروشت و مرۆڤ. ئەم دۆخە لە زۆربەی هایکۆکانی دەفتەرەشیعری «ئەویننامە»دا دەبینرێت. بۆ نموونە، بڕوانە ئەم هایکۆیەش:

**سەرهەڵگرتن**
**وەك شێت سەری هەڵگرتووە**
**بە نێو شەودا پەپوولەکە**
**بە دوای بڵێسە کەوتووە.**

(ئەویننامە، ل. 73)

لە ئاستی سیمانتیک (واتاناسیی) لەم هایکۆیەدا سێ ڕەگەزی سەرەکی دەور دەگێڕن: شێت (خاوەن سروشتی ئینسانی)، پەپوولە (خاوەن سروشتی گیانلەبەری)، و بڵێسە (خاوەن سروشتی سروشتی). پەپوولە لە چەشنی شێتی سەرهەڵگرتوو دوای بڵێسە کەوتووە. «سەرهەڵگرتن» تایبەتمەندیی سروشتی ئینسانییە، بەڵام لێرەدا دراوەتە پاڵ پەپوولە، و لەم ڕێگایەوە سیفەت و کەسایەتیی ئینسانی بە پەپوولە بەخشراوە



شیعری کوردی ـ ١٣

(personification). لە هەمان کاتدا، بۆمان هەیە بڵێین «بڵێسە»ش لە ئاستی واتای وشەیی (lexical meaning) خۆی دەترازێ و دەبێتە هێمایەک بۆ «مەعشووق» واتە لێرەشدا «بڵێسە» هەمیسان سیفەتی ئینسانیی پێدەدرێت و واتایەکی سیمبۆلیک وەخۆ دەگرێت (خوێنەرەوەی وردبین سەرنج بداتە سیفەتی ئینسانی، چونکی مەعشووقی پەپوولە خۆی هەر دەبێت خاوەنی سروشتی گیانلەبەری بێت). ئەم دانوستانە لە ئاستی سروشتەکانی ئەم سێ ڕەگەزە وای لەم هایکۆیە کردووە خوێنەرەوە هەم چێژ لە خوێندنەوەکەی وەربگرێت، هەمیش لە ئاستە واتاییەکەی بکەوێتە خۆ و بە بارتەقای بڕشتی خوێنەرانەی خۆی واتای ئاسایی و قووڵ و شازی لێ هەڵێنجێت. خاڵی سەرەکی لێرەدا ئەمەیە شاعیر هەموو ئەم گەمە شیعری و جوانیناسانەیە لە بازنەی سروشتگەرایی هایکۆکانیدا دەهێنێتە ئاراوە. ڕەفیق سابیر لەم هایکۆیانەدا جیهان پڕ دەکات لە هۆنراوە، نەک هۆنراوە پڕ بکات لە جیهان. هۆنراوەنووسی خاوەن ئەزموونمان ئاسمانێکمان بۆ دەنەخشێنێت پڕ لە هەوری بەبارانی هایکۆ. هایکۆکانی «ئەویننامە» تەنیا ئاخنینی سروشت نییە بە کۆمەڵێک وێنە و وشە، بەڵکو پڕکردنی سروشتە بە هەستی شاعیرانە و هزرینی هونەرانە. ئاماژە و ئیماژەکانی ئەم هایکۆیانە خوێنەرەوە لە سروشتی سروشت و سروشتی خۆی و سروشتی گیانلەبەرەکان نیزیک دەکاتەوە، و وای لێ دەکات چارەنووسی ئینسانیی خۆی بە چارەنووسی سروشتەوە گرێ بدات. ڕەفیق سابیر سروشتی جوانی جیهان وێنا دەکات و لەم ڕێگایەوە جوانیی مرۆڤ وەبیر جیهان دەخاتەوە. لەم هایکۆیانەدا پەپوولەی ویشکبوو لە دووتوێی لاپەڕەی کتێباندا چیتر مردوو ئەژمار ناکرێت، بەڵکو ئەو گیانلەبەرە قەشەنگە لە نێو وشە و ڕستە و پەیڤەکاندا خەریکی خەوبینینە، خەوێک کە بۆی هەیە خەوی ئێمەی مرۆڤیش بێت، و بەم شێوەیە نەمر و هەتاهەتایی بمێنێتەوە؛ هایکۆکانی ڕەفیق سابیر-یش بە نەمرکردنی خەون و خەیاڵەکانی ئێمە خۆیشی بە نەمری و ئەبەدی دەمێنێتەوە:

**خەوبینەر**
**لە نێوانی**
**دوو لاپەڕەی کتێبێکدا**
**پەپولەکە خەو دەبینێ.**

(ئەویننامە، ل، 75)

هەولێر / بەهاری 2018

سەرچاوەکان:


جلالی، بیژن (1385). روزانەها. تهران: نشر و پژوهش فرزان روز.

سابیر، ڕەفیق (2017). ئەویننامە. تاران: چاپەمەنی مانگ.

گوهرین، کاوە (1381). هایکوهای ایرانی. تهران: نشر آرویج.

یەعقووبی، عەبدولخالق. (2005). دەنگی بلوورینی دەق. کۆمەڵە وتاری ڕەخنەیی. سلێمانی: چاپخانەی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی.

I.A Richards, C. K. Odgen (1923). The Meaning of Meaning. .New York

.Pound, Ezra (1991) . A B C of Reading. London: Boston

Yasuda, Ken (1957). Japanese Haiku: Its Essential Nature, .History, and Possibilities in English. Tuttle




# لاوکی هەڵەبجە لە کڵاو ڕۆشنایی چەند وێنەیەکی شیعریدا



هەوواڵنامەی کتێب

عەلی مستەفا نەجمەددین



دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

## پێشەکی

بە خێراییەکی دیار و بەرچاو وەك بەراییەك بۆ ئەم باسە زانستییە تیشك دەخەمە سەر لایەنە گرنگ و پێویستیەکانی. لاوکی هەڵەبجە کە ناونیشانی شیعرێکی رەفیق سابیری نووسەرو شاعیرە، لە سالی 1989 لە غەریبیدا دوور بە دوور بە دیار دیمەنەکانی کیمیا بارنی هەڵەبجەوە نووسیویەتی. هەڵبژاردنی ئەم شیعرە جیا لەو کاریگەریە رۆحیەی خستیە سەر هەست و شعورمەوە، ناسنامەیەکە بۆ تراژیدیایەکی کەلتووری لە زەین و بیرکردنەوەکانی شۆڤێنیزم و هاوکارانی. وە گێرانەوەی ئازاری جەستەو ڕۆحی هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکانە و وە هەڵگرتنیەتی لە ئەرشیفی مێژوویکی ئازار لە شکلی دەقێکی ئەدەبیدا. بۆیە لە کاری لێکۆڵینەوەو شیکارییمدا بە مەبەستی دووبارە نووسینەوە و بیرهێنانەوەی ئازارەکانی هەڵەبجەیە بەسەر تەواوی کوردستاندا. وە دیاری کردنی بنەما هونەرییەکانی وێنەیە لە دەقی لاوکی هەڵەبجەدا.

سەرەتا بە شێوەیەکی خێرا باسمان لە وێنەی هونەری شیعری وەك باسێکی تیۆری کردووە لەگەڵ چۆنیەتی درووست بوونی وێنە لە شیعردا، وەك وێنەی تاك و وێنەی لێکدراو و وێنەی گشتی. لە هەر بەشێکی ئەم جۆرە وێنانەدا لایەن و لقە جیاوازەکانمان بە نموونەی شیعری بە شێوەیەکی پراکتیکی باسکردووە.

لە برگەیەکی تری خێرادا باسمان لەو حالەتە کردووە کە شاعیر چۆن سوودی لە خەیاڵ وەرگرتووە بۆ هۆنینەوەی شیعرەکانی، هەلبەتە ئەمەشیان بە شیوەیەکی پراکتیکی بە نموونەی شیعری باسکراوە.

لە بەشێکی تری باسەکەدا باسی زمانی شیعری شاعیر کراوە بە نموونەی شیعرییەوە. وە هونەری پاتککردنەوە لە شیعری شاعیر بە شێوەیەکی پراکتیکی بەشێکی باسەکەیە و بە نموونەی شیعری دەوڵەمەند کراوە.

لە کۆتایی باسەکەدا پوختەیەك لەبارەی ناوەرۆکی شیعری لاوکی هەڵەبجە دارِشتراوەو میتۆدێکی کورت و گرنگی لەخۆدا هەڵگرتووە. وە ناوی هەموو ئەو سەرچاوانە دیاری کراون و ئاماژەیان پێدراوە کە لە باسەکەدا سوودیان لێبینراوە.

هیوادارم توانیبێتم بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستیانە مافی قەسیدەی لاوکی هەڵەبجەم دابێت.

## وێنەی هونەری شیعری:

وێنەی هونەری وەکو زاراوەیەکی ئەدەبی مێژوو و ڕابردوێکی گرنگی هەیە، ئەم زانستە وەك کارێکی ئەدەبی هەر لەسەردەمی یۆنانیەکان و بگرە زووتریش تا دەگاتە قۆناغەکانی کلاسیزم و ڕۆشنگەری سەدەکانی ناوەراست و تەنانەت کلاسیزمی فەڕەنسی و بگرە هەموو قوتابخانە و تیۆرە جیاوازەکان لە قۆناغە جیاوازەکاندا تا دەگاتە ئێرە، ئێرەی پڕ لە فیکری ئالۆز و پێناسی ئالۆز و فۆڕمی ئالۆز و شوناسی ئالۆز،....هتد،باسی لێوە کراوەو پێناسی جیاوازی بۆ هەڵبەستراوە، هەموویان گرنگن و شوێنی گرنگ لە فۆرم و شوناسی بابەت داگیر دەکەن. وێنە زادەی خەیاڵ و بیرکردنەوەی نووسەرە لە بنیاتی دەقێکی ئەدەبی نوێدا. وێنە وەك باسکرا لە هەموو قۆناغەکانی شیعردا هەبووە، بەڵام لە شیعری نوێ بەگشتی و شیعری نویی کوردیش بە تەواوی ڕەنگی دایەوە. لەمەشدا بێ هۆکار نییە کاتێك وێنە وەك بنەمایەکی گرنگ ڕەنگ بداتەوە لە



**ڕەفیق سابیر شاعیری جوان نووسین و هەست پەرش کردن بە جیهانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا. لە ناو دەقەکانیدا هەست دەکەی ئەم شاعیرە فۆرمێکی تایبەتی نووسینی وەرگرتووە، زۆر واقیعی و بابەتیانە خزاوەتە ناو حیکایەت و گێڕانەوەی ڕووداو**



شیعری نوێدا. هەڵبەتە لە شیعری کلاسیکدا کێش و عەرووز بنەمایەکی ڕاستەقینەی شیعر بووە، وێنە لە شیعری کلاسیکدا لە ناوەڕۆکدا هەست پێدەکراو، بەڵکو بنەمایەکی سەرەکی نەبووە لە شیعری کلاسیکدا، بەڵام لە شیعری نوێدا بە پێچەوانەی شیعری کۆن و کلاسیك بووە، بنەمایەکی گرنگ بووە لە شیعری نوێدا. وێنەی هونەری شیعر هەموو ئەو کاریگەرییە نەزۆکانەن کە لە ڕووداو و واقیعی نووسەر کەنگەشە دەگرن و هەڵچوون و هێور بوونەوەبە خۆیانەوە دەبینن و دەبن بە وێنە. هەڵبەتە وێنە بەبێ بنەماکانی تر ناتوانێت دەقێکی ڕەسەن و زیندوومان پێشکەش بکات. (وێنەی شیعری گرنگی خۆی لەو بە داهێنرانەو چیژو گوزارشتانەی کە لەگەڵ ئەزموونی شاعیردا یەکیان گرتووەو بەرجەستە کراون بەدەستی دێنێ)1 بۆیە گرنگی وێنە لە هونەری بنیاتی شیعردا دەردەکەوێت، کەواتە وێنە بە تەنیا جوانی نیە وەك لە ڕەخنەی کۆندا باسکراوە، بەڵکو وێنە لە بنیاتی هونەریدا هەم جوانی و ستاتیکایە هەم هونەری شیعری بە هەماهەنگی لەگەڵ بنەماکانی تری ئەدەبدا. (وێنە تەنیا ئەو وردەکارییە نیە، کە بۆ وەسف و بۆ هونەری وەسفکاری ئەسازێنرێت، کە شاعیرەکە لە واقیعەکەی خۆی هەڵئەهێنجێ و ئەیکا بە وێنەو ڕەنگی بۆ ئەڕێژێ.. نەو.. چونکە ساتو سەوای پڕ لە خێورانەوەو پەژارەی شاعیر، ساتو سەواو تێکچڕژان و ترشانێکی ڕوکار و میکانیکیانەو گردنشینانەی توتیانە، نیە..! زەڕەبین و بیلبیلەی چاویش، غەیری بیرکردنەوەو چەق بەستن و سەر پێبزاوتنی هەست و سۆزی نێو دەروونە، هزرکردنی پڕ لە هەست و خورپەو تاسەی شاعیرانەیش، پێوەندیەکی بەتینی بە ناخی ناخی ناخەوەی مرۆڤەوە هەیە)2 واتە دەردەکەوێت وێنە تەنها لە هەردوو ئەرکی جوانی و تەکنیکی شیعرییەوە ناوەستێت، بەڵکو بۆ وێنا کردنی یان خستنە ڕووی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و هەڵچوون و داچوونەکانی شاعیر پیشان دەدات. کەواتە وێنە بەهاری پڕ لە گوڵ و ئاوازی باڵندەکانە بۆ شیعر و دامرکێنەرەوەی کەف و کوڵی شاعیرە بە دیار واقیع و مەشهەدە جوڵاو و بزاوتەکانی ژیان.

ڕەفیق سابیر شاعیری جوان نووسین و هەست پەرش کردن بە جیهانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیدا. لە ناو دەقەکانیدا هەست دەکەی ئەم شاعیرە فۆرمێکی تایبەتی نووسینی وەرگرتووە، زۆر واقیعی و بابەتیانە خزاوەتە ناو حیکایەت و گێڕانەوەی ڕووداو گەلێك کە هەناسەی نەتەوەیەکی ماندوو بەسەر پشتی کەشتیەکەی نوحەوەیەو لە ترسی تۆفان ناتوانێت دابەزێت.(خولیایەك بە شێوازێکی مۆدێرنیزم

دەخاتە ڕوو. نهێنی بە هۆشیاری لە ڕوانگەی جیهانبینیەوە دەبینێ. لە تێڕوانین و پێڕستی فەرهەنگی لێکسیکی شیعر و ئایدیا بۆ بابەت، کارامەیە.)3 دەردەکەوێت ئاستی هۆشیاری لە شیعردا هێندە گرنگە بۆ ئەوەی بتوانین درك بە ئامانج و مەبەستی شیعر یان هەر دەقێکی تر بکەین. ڕەفیق سابیر یەکێکە لەو شاعیرە دیارانەی سەر زەمینی کوردەواری هەڵگری (شوناسنامەی فەنتازی سەرەتای ڕووداو ئامێزە، بیرێکی خۆپەرستی جوانترین هیوا لە دۆڵی نامرادی دەخنکێنێ.....)4 شاعیری لەگەڵ خەیاڵ و فەنتازیا و ووشە و خوێندەواری دەکەونە ڕێگا. شاعیر نابێتە خاوەنی شیعری ڕەسەن و جوان تا شیعریەتی تیادا بەدی نەکرێت، شیعریەتیش بە بوونی بنەماکانەوە دەگاتە لووتکەی جوان بەخشی.

ڕەفیق سابیر شیعرەکانی مەغزایەکن لە وێنە، سەرووەدەرێکی دەوێت تا بتوانین بە ڕێکی حەقێکی ئەدەبی لە هونەری وێنەدانادا پیبەخشین. ئەگەر باس لە وینە بکەین و پۆلێنی بکەین بە ئاستە جیاوازەکانیدا وەك:

1. **وێنەی تاك**
2. **وێنەی لێکدراو**
3. **وێنەی گشتی**

هەڵبەتە وێنەی تاك ئەگەر جوڵاوو بزۆز بوو بە چەند وێنەیەکەوە وێنەی لیکدراو درووست دەکەن.

بنیاتی وێنەی تاك:-

وێنەی تاك وێنەیەکی زیندوو و کاریگەرو ئاڵۆزە، هەر بۆیەش بە گەلێك شێواز دروست دەکرێت و کە هەر یەکەیان ڕێباز و تایبەتمەندی خۆی هەیە لە ناو وێنەکەدا.

1. شێوازی هەستگۆڕکێ(تراسل الحواس):-

بریتیە لە ئەرك وەرگرتن یان بە سیفات گۆڕینەوەی هەستێك بە هەستێکی تر بۆ گوزارشتکردن لە باری دەروونی و دامرکاندنەوەی کەف و کوڵەکانی شاعیر. وەك شاعیر لە شیعری لاوکی هەڵەبجەدا دەڵێت:

**چرایەکان داگیرسێنە!**

**با هێندەی دی تینوو نەبین.**

**ئالایەك لە شەودا هەڵکە**

ناوی دەنێین لقە باران. ...ل548

شاعیر هەردوو سیفەت و ئەرکی بینین و چەشتنی لە جێگەی یەکتردا گۆڕیوەتەوە، چونکە کاتێك کە چراکان داگیرسێنران پێویستمان بە چاوە بۆ بینینی ڕووناکی، کەواتە ئەرکی چەشتن خراوەتە جێگای **ئەرکی بینینەوە.**

**لە شوێنێکی تردا دەڵێت:**

**شەو ڕەت دەبێت سروودەکەم تەواو نابێت.**

**شەو ڕەت دەبێت گەرووم بە گزنگ تەڕ نابێت**

**تەمەن وەك گەرد، وەك زەردە گەڵاو گاشە بەرد**

پایز و بنار دەتەنێت. ...ل562

ئەم بەیتە شیعرە ڕێك سەفەرێکە بە ناو جوانترین کەژاوەی خەیاڵدا، درامای ڕاستەقینە ترین گۆڕانی و وینەدانەوەی ڕەسەن ترین واقیعە، هەڵبەتە شاعیر باسی(شەو، گزنگ،گەروو،تەڕ) دەکات و ئەرکی بینین بە چەشتن دەبەخشیت. گزنگ ڕووناکیە لەدوای تەواو بوونی شەو. دەستپێکی ڕۆژێکی نوێ بە گزنگ دەست پێدەکات و ئەم جوانیەش تەنها چاو دەتوانێت درکی پێبکات. هەرچەندە

شاعیر لە شیعرەکەیدا دەڵێت: بەگزنگ تەڕ نابێت، بەڵام لە فۆرمی نادیاری واتای ڕەوانبێژییەکەیدا شتێکی تر داوا کراوەو، گزنگ لە شیعرەکەدا باخود وێنەکەدا دەرکەوتووە.

لە شوێنیکی تر دەڵیت:

**شەو دەڕوات و گۆرانییەکەم تەواو نابێت**

**شەو دەڕوات و گەرووم بە هەتاو تەر نابێت**

لە نێوانی تینوویّتی و بیرەوەرییدا دادەگیرسێم. ...ل564

ئەم وێنە شیعرەش وەك وێنەکەی پێشوو لەکاری هونەری وێنەدا هەمان فۆرم و واتای وەرگرتووە. تەنها ئەوە نەبێت گزنگ سەرەتای بی‌یانێکی نوێیەو هەتاو درەنگترو گەرمتر لە تیشکی گزنگ لە وێنەکەدا دەرکەوتووە.

گزنگ = شکانی شەوو تازە دەرکەوتن و کەوتنی تیشکی خۆر بەسەر ڕووی زەویدا لە کاتی بەیانیاندا.

هەتاو = بەرز بوونەوەی خۆر بۆ ستوونێکی زیاتر و تیشك لەم حالەتەدا گەرمتر دەکەوێتە سەر زەوی.

2. شێوازی ئاڵوگۆڕکردنی درکپێکراو:-

بەرجەستەکردن:- لە ووشەی(جسد)ی عەرەبی وەرگیراوە. واتە بەو شتانە دەگوترێت کە خوێنیان تێدا دەگەڕێت، یاخود گیانیان لەبەردایەو زیندوون، کەواتە لەم حالەتەدا ڕووەکیش دەکەوێتە چواچێوەی ئەم هونەری بەرجەستە کردنەوە، دەواتە دەتوانین بڵێین بە درەخت کردن یان بە ڕووەك کردن 5.

شاعیر دەڵێت:

**تا لە سنوور ئاوا دەبین بۆنی گازی ژەهراوییە**

**ژەهراوییە**

**ژەهراوی!**

**نە دارستان ئەم شەو سەرم ڕادەژەنێت**

**نە بروسکە**

**نە گوللەیەك بە خۆیم دەگرێت**

نە لوتکە! ...ل567

شاعیری بەننا لە کاری کەڵەکە کردنی وێنە بەسەر یەکەوە هێندە خەیاڵیانە کاری هونەری بەرجەستە کردنی ئەنجامداوە، سیفەتی مرۆڤی داوەتە(دارستان). دارستان دایکێکی میهرەبانەو بە کاری ڕاژەنینی خۆی هەڵنەستاوە، لە غیابی دایکان لە کارەساتی هەڵەبجەدا، منداڵەکان دەگرییَن و هەدادان ئاسا بە دوای ناز و سۆزی دایکیان دەگەڕێن. شاعیر (دارستان و بروسکەو گوللە و لوتکە) لەم وێنە شیعرەدا سیفەتی مرۆڤی پێ بەخشیون و هەریەك لەمانەش کاری هونەری واتای گەورەو کاریگەریان لە پشتەوەیە.

شاعیر دەلیت:

**زریانێکی ناوەخت هات**

بەسەر تاوێر و ڕووباردا چەمایەوە. ...570

شاعیر کاریگەرییەکانی ڕۆژی شوومی هەڵەبجەی 1988 کە کیمیا بارانی هەڵەبجەیە لە سیفەت هەڵدەکێشێت،(چەمانەوە) لە سیفەتدا کاری مرۆڤە، ئەگەرچی شاعیر هونەرییانە ئەم کارە بە شتێکی بێگیان دەبەخشێت و (زریان) کە ناوێکی واتایی (مەعنەوی) یە بە سیفەتی چەمانەوە بەرجەستە دەکات.

هەمووکتێبەکانی پێبر

شاعیر دەڵێت:

**هەڵەبجە ئاوێنەی ڕۆحە**

**شەپۆڵێکی پەنابەرە**

**شەو لەیەخەی تاریکی و مەترسی دەدات**

**تەرمێکە**

لە کفن و تاتە شۆڕ یاخی بووە. ...559

هەڵەبجە ڕۆحێکی زامدار، پەراوێز لە کەناری ئارامی، شەکەت بە ئاشنایەتی ژیان. شاعیر لە سیفەتدا چەند دەورێکی کاریگەری لە چەند وێنەیەکی کەڵەکە بوو لە هەڵەبجەدا بەرجەستە کردووە.

شەپۆڵێکی پەنابەر مرۆڤێکی پەنابەر هەڵەبجەیەکی ئاوارە.

یەخەی تاریکی و مەترسی یەخەی پیاوێکی دژوارو خراپ یان دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و زاڵم.

**هەڵەبجە تەرم پێنج هەزار ئەنفالی هەڵەبجە**

بەتەن کردن(التجسید):- بەتەنکردن هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە تەنیان هەیە، واتە هەموو ئەوانەی گیانلەبەرن و یاخود بێگیانن بەتەنکردنیان لێ وێنا دەبێت. بەڵام باشتر وایە بەتەنکردن لە شتە بێگیانەکان وێنا بکرێت، چونکە هەموو ئەوانەی گیانیان هەیە وێنەی بەرجەستە بوون تیایاندا دەردەکەوێت. کەواتە بەتەنکردن بریتیە لە بەتەنکردنی شتە واتاییەکان.


شاعیر دەڵێت:

**فرۆکەکان لە ناکاو دێن**

**ڕووتین، خۆمان بە گژوگیاو**

**زەردەگەڵاو**

**بە ئاژاوە دادەپۆشین. ...542**





شـاعیر هونـەر ئاسـا ڕێـك بـە كۆڵانەكانـی فەلسـەفەو جیهانـی دونیـا بینـی خۆیـدا بـەرەو جوانـی و سـتاتیكاو وێنـە ڕەنـگاو ڕەنگەكانمـان دەبـات، لـەم كۆپلەشـیعرەدا چەنـد وێنەیەكـی سـتاتیكی بەتەنكـردن دەردەكەوێـت و بـە هەمووشـیان وێنـەی لێكـدراو دروسـت دەبـن. (ئـاژاوە) واتاییەكـی دەروونـی هەیـەو هیـچ تەنێكـی نیـە، بـەڵام شـاعیر وەسـتایانە سـیفەتی تەنێكـی پێـداوە. ئـەم شـیعرە زمانـی ناپاڵمەكانـی سـەردەمی جەهـل و بەعسـیەكانمان پیشـان دەدات، وە ڕێگایەكیشـە بـۆ ئـاگاداری و هۆشـیاركردنەوەی كۆمەڵـگای كـوردی وەك مەنیفێسـتێك لـە مێـژووی كیمیـا بارانـدا.

شاعیر دەڵیت:

**ئەم تەرمانەم لێ دوور خەوە**

**سەرم نە مردووخانەیەنە بنارە**

**تارماییەكانم لێ دەركە!**

**ڕۆحم نە ئەشكەوتی چەتەو پیاو كوژانە**

**نە جێنزرگەو سێدارە. ...543**

(تارمایـی) شـتێكی دەروونـی و بـێ جەسـتەیە، واتـە هیـچ تەنێكـی نیـە و، شـاعیر خستۆتیەسـەر شـكلی مرۆڤێـك یـان هـەر گیانەوەرێكـی تـر داوا (تكلیـف) لـە كەسـێكی تـر دەكات كـە ئـەم تارماییانـە دەربـكات. واتـە هونـەری بەتەنكردنـی ئەنجـام داوە.

شاعیر دەڵێت:

**ئەمشەو تەمەن لە نێو خۆڵدا داگیرساوە**

**تەمەن چرای بەر بارانە**

**نەمامی بەردەم لافاوە. ...549**

چەنـد جوانـە تەمـەن لەنـاو كـەژاوەی جوانیـدا بـە لووتكـەی خەیـاڵ و

هەوواڵنامەی کتێب

ئامانجەکانـدا هەڵگەڕێـت. بـە پێچەوانـەوە تەمـەن بکەوێتـە دوڕیانـی نەهامەتیـەکان و ژیـان ببێتـە ئەنگوسـت چـاو، دەبـێ چـۆن بێـت تەمـەن بـە ڕێـگادا. ئەگـەر شـاعیر دێـت و درك دەكات تەمـەن لاکـەی دێـت و بـە نـاو جەنگەڵـی تاریکیدا دەڕوات، لـەوەوەش وینـەی جوانـی واقیـع و ڕووداومـان پێشـکەش دەكات.

شـاعیر هونەرییانـە لـە چەنـد بەیتێـك چەنـد وێنەیەکـی جیـاواز بەسـەر یەکـەوە کۆدەکاتـەوە، (تەمـەن) تەمـەن ناوێکـی واتایـی دەروونییـە هیـچ تەنێکـی نیـەو ، شـاعیر بەتەنکردنـی بـۆ ئەنجام داوە و تەنێکـی بـۆ دروسـت کـردووە، کـە لـە دارێـك دەچێـت کەوتبێتـە بـەر شـەپۆڵەکانی ئـاوو بـەرەو نادیـار بـڕوات، بـە بـێ ویسـتی لـە کەنارێـك لەنگـەر بگرێـت. تەمەنیـش بـەم شـێوەیە بـۆ هەڵەبجەییـەکان کەوتۆتـە بـر ڕمـی چەوسـاندنەوەو کوشـتن و تۆقانـدن و بەبـێ ویسـتی دەمـرن و لـە کەنارێکـی نادیـار و بـێ ویسـتدا لەنگـەر دەگرێـت.

بەکـەس کردن(تشـخیس):- بـە کەسـکردن هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە لـە گەردوونـدا هـەن بـە گیانلەبـەر و بێگیـان و وە نـاو و شـتە دەروونیەکانیـش دەگرێتـەوە. وەهەروەهـا بەکەسـکردن بـە جۆرێکـی تریـش دەبێـت ، بـە زیاد کردنـی سیفەتی مرۆڤانە بـۆ مرۆڤانـە تـر، واتـە لـە پلـەی بـاڵاوە بـۆ پلـەی باڵاتریـن.

شاعیر دەڵێت:

**هەڵەبجە ئاوێنەی ڕۆحە**

**هەڵەبجە درەختی خوێنە**

**خۆڵ دەیدێرێت**

**سەری براوی(حوسەین)ە**

**بە وڵاتاندا دەیگێرێن. ...560**

(سـەری بـڕاوی (حوسـەین) مرۆڤێـك هەڵەبجـە) شـاعیر هونـەری بەکەسـکردنی ئەنجامـداوە. واتـە سـیفەتی مرۆڤێکـی سـەر بـڕاوی داوەتـە پـاڵ ناوێکـی واتایـی یـان نـاوی شـارێکی ستەم دیـدەو زوڵـم لێکـراو، لـە ڕووی هونـەری هێنانـەوەی نـاوی (حوسـەین) جوانییێکـی کاریگـەر و بەراوردێکـی واقیعـی دەردەکەوێـت، بـەراوردکاری لێکچـوون لـە نێـوان ئـەو زوڵمـەی لە(حوسـەین) کـرا لـە لایـەن شـیعەکان و عەرەبەکانـەو، لەگـەڵ ئـەو زوڵمـەی لـە شـاری هەڵەبجـە دەکرێـت لـە لایـەن دەسـەڵاتی بەعسـەوە.

حوسـەین کـوژرا، خوێـن ڕژا، بـاری نائاسـایی دروسـت بـوو، عەرەبـەکان بەخۆیـان کوشـتیان.

هەڵەبجەکیمیـا بـاران کـرا، خوێـن ڕژا، بـاری نائاسـایی دروسـت بـوو، عەرەبـەکان هەڵەبجەیـان کیمیـا بـاران کـرد.

شاعیر دەڵێت:

**سەری بە شەپۆڵان کەن**

**با ئەم شەوە رایژێنێت**

**باڵای لە هەور بگرن**

بروسکەو- با – دەچێنێت. ...ل565

(شـەپۆلان، شـەو، هـەور، بروسـکە و بـا) ئـەم کۆمەڵـە ووشـانە ووشـەی واتایـی و دەروونیـن، هیـچ جەسـتەو تەنێکیـان نیـە، بـەڵام شـاعیر بـۆ گەیاندنـی پەیامێـك کـە لـە نـاو دڵ و دەروونیـدا کڵپـەی گرتـووە، وەکـو تەنـدوور هەڵدەچێـت، ئـەم کۆمەڵـە ووشـانە دێنیـن و لـە چەنـد وێنـەی بەسـەر یەکـەوە کەڵەکـە بـوو وێنایـان دەکات و تەنیـان بـۆ درووسـت دەکات.

شاعیر دەڵێت:

هەوواڵنامەی کتێب

**شاعیر زۆر بە ئارامی بە ناو كۆڵانەكانی خەیاڵدا گوزەر دەكات و لە ماڵی زمان و بیر و لاشعورەوە بە چەمكێك جوانیەوە دەردەكەوێت و لە كۆشكی شیعردا وێنەكان هەڵدەخات**



**با**

**لاوكێك بكەین بە كەپری ئەم ژانە**
**یان سروودێك**
**بە جۆلانەی ئەم گیاندانە.**
**زریانێكی ناوەخت هات**
**بەسەر تاوێر و رووباردا چەمایەوە. ...ل570**

شاعیر دڵی پڕە، قوڵپی گریان لە ناخیدا چەكەرەیەو دەبێت بە رووی جیهانی فیكر و فەلسەفەو ئەدەب و مێژوودا، بە رووی جیهانی ویژدان و فەلسەفەی كۆمەڵایەتیدا بڵاوی بكاتەوەو ڕایبگەیێنێت، كە هەڵەبجە چەند زامدارەو شەهیدی چ ویژدانێكە. شاعیر وەستایانە وشەكانی (لاوك، سروود، زریان) تەنیان بۆ درووست دەكات، لە كاتێكدا هیچ جەستەو تەنێكیان نیە و تەنها ناوی واتایی و دەروونین. بۆیە لە سیفەتدا ووشەكانی:

| | |
|---|---|
| **كەپر(تەنی هەیە)** | **لاوك (تەنی نیە)** |
| **جۆلانە (تەنی هەیە)** | **سروود (تەنی نیە)** |
| **مرۆڤ (تەنی هەیە)** | **زریان (تەنی نیە)** |

3. شێوازی لێكچواندن:-

ئەم هونەرە یەكێكە لە هونەرەكانی ڕەوانبێژی، كە كاریگەری گرنگی هەیە لە جوانكردنی وێنەدا، ئەویش چواندنی شتێك كە سیفەتێكی كزو لاوازی هەیە بە شتێكی تر كە هەمان سیفەتی زەقی و ئاشكرایی هەیە. دەق بە لێكچواندن (دەستێكی باڵای هەیە لە دەرخستن و ڕازاندنەوەی وێنەكێشانی ناو وێنەی شیعری)6.

شاعیر دەڵێت:

**لە ناو خۆڵ و**
**پاشكۆی زبڵ و**
**ئاوارەیی و**
**دەسرێژدا چاومان هەڵهێنا**
**بەرخۆڵەی بەردەم چەقۆ بووین. ...ل571**

شاعیر زۆر جوان نواندنی وێنەكان دەكات و درامایەكی ڕاستەقینەی ڕووداوەكان لە واقیعدا بە بەڵگەی لێكچوونەوە پیشان دەدات (بەرخۆڵە) ئاژەڵێكە بۆ سەربڕین دەشێت و بە واقیعی گۆشتەكەی دەخورێت، كەواتە سیفەتێكی زیندوو و زەقی هەیە، بەڵام (ئێمە ـــــ بووین ـــــ ... ین) لە سیفەتیدا لاوازە كە بە بەرخۆڵە چوێندرایە، چونكە (ئێمە) بۆ سەر بڕین و مردنی بە زۆر دروست

هەڵوواڵتەی کتێب

نەکراویـن، بەڵکـو بـۆ ژیـان و خۆشەویسـتی و جوانـی دروسـتکراوین. کەواتـە (بەرخۆڵـە) لەوچـووە، (ئێمـە ـــ بوویـن ـــ ..یـن) لێیچـووە، (چەقـۆ) لێیچوونـە.

شاعیر دەڵێت:

**بنوو بە خاك**

**بە رووتێتیم**

**بە مەرگی خۆم و**

**تینوێتیم داتدەپۆشم**

**ئەم سووتانە سەرەتایە. ...ل574**

(بنـوو) کەسـی دووەمـی تاکە لێیچووە، بـە (خـاك، بـە رووتێتیـم، مەرگـی خـۆم، تینوێتیـم) لەوچـووە، (داتدەپۆشـم) لێیچوونـە. شـاعیر لـەم کۆپلـە شـیعرەیدا پەیامێکـی دۆسـتانەو گیانـی هـاوکاری لاوانـەوەی ویژدانیـمان پێشـکەش دەکات.

شاعیر دەڵێت:

**ئەمشەو تەمەن لە نێو خۆڵدا داگیرساوە**

**تەمەن چرای بەر بارانە**

**نەمامی بەردەم لافاوە. ...ل549**

(تەمـەن) لێیچـووە، (داگیرسـاوە، چـرای بـەر بارانـە، نەمامـی بـەردەم لافـاوە) لەوچـووە.

شاعیر دەڵێت:

**کێ دەزانێت من بێ هودە**

**لە کوێ دەمرم**

**با زەوی هێمن بێتەوە. وەکو باڵندەی بەر باران. ...ل549**

(زەوی) لێیچـووە، (باڵنـدەی بـەر بـاران) لەوچوونـە، (هێمـن بێتـەوە) رووی لێیچوونـە، (وەکـو) ئـەوزارە. دەردەکەوێـت پەیوەنـدی کردنـی نێـوان دوو شـتەکە کـە یەکیـان لـە سیفەتدا لاوازەو ئەویتریـان بەهێـزە.

4. شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ:-

ئـەم جـۆرە شـێوازە زۆر ناسـك و کاریگـەرە لـە بنیاتـی هونـەری وێنـەدا، چونکـە شـاعیر زۆر بـە ئارامـی بـە نـاو کۆڵانەکانـی خەیاڵـدا گـوزەر دەکات و لـە ماڵـی زمـان و بیـر و لاشـعورەوە بـە چەمکێـك جوانیـەوە دەردەکەوێـت و لـە کۆشـکی شـیعردا وێنـەکان هەڵدەخـات. کەواتـە وەسـفی ڕاسـتەو خـۆ مانـای جوانـی و سـتاتیکایە و فۆرمـی لیریکـی (غنائـی) لـە هەندێـك شـوێنی سـتوونی شـیعردا دەردەکەوێـت.

شاعیر دەڵێت:

**فڕۆکەکان لە ناکاو دێن**

**رووتین، بە خۆمان بە گژوگیا و**

**زەردە گەڵا و**

**بە ئاژاوە دادەپۆشین**

**فڕۆکەکان لە ناکاو دێن**

**رووتین، خۆمان بە ئاسمان و**

**دارستان و**

**لەپی دەستمان**

**دادەپۆشین. ... ل542**

لـەم دەقـە شـیعریەدا بـە شـێوەیەکی وەسـفی ڕاسـتەوخۆ باسـی دیمەنـەکان دەکات، هیـچ لـە هیـچ ناچوێنێـت و دەوری هیچیـان ناگۆڕێـت، لـە ترسـی هاتنـی فڕۆکـەکان خۆیـان بـە گژوگیـا دادەپۆشـن،

یاخود لە ناو گژوگیادا خۆیان حەشار و مات دەدەن. کە دێتە سەر زەردەگەڵا هێمایە بۆ زەرد بوونی هەموو سەوزایی بەهار، لە کیمیا بارانی هەڵەبجەدا. هەر بۆیە دوای نەمانی سەوزایی ناچار خۆیان بەزەردەگەڵا دادەپۆشن..

شاعیر دەڵێت:

**هەڵەبجە**

**دەروازەی گەردوون و**

**ئاشتی و**

**ویژدان دەکوتێت**

**سرودێکە**

**زەحەمەتکێشان بەیەك گەروو دەیچڕنەوە**

**هەڵەبجە ژانی سەردەمە**

هەڵەبجە هەرێمی تەمە. ...ل560

شاعیر ئەوەندە چۆتە ناو ئازار و کارەساتەکانی هەڵەبجەوە کە بە دەستی ڕژێمی بەعسی عێراقی کیمیا باران کرا. هەست بە هەموو ئێشەکانی هاوڵاتیانی هەڵەبجەو بریندار کردنیان، یادگاریەکانی هەڵەبجە و کانیاوەکانی، کۆڵان و سەرە ڕێکانی، هەموویان زامدارن بە کیمیا باران. بۆیە شاعیر دەیەوێت لەم وێنەیەدا بە وەسفێکی ڕاستەوخۆ بە گەردوون و گەردوونەوانەکان بڵێت، ئەوەتەیە هەڵەبجە، دەروازەی قەڵای ئازارەکانی گەردوون. یاخود دێت و بە مانایەکی تر تەفسیری هەڵەبجهمان بۆ دەکات، هەلەبجە دەڕوات و کۆڵێك زام و ئازاری گەلەکەی لە شانەو لە دەروازەکانی گەردوون بۆ ئاشتی و ویژدان و دادوەری دەگەڕێت.

شاعیر دەڵێت:

**با هەڵەبجە**

**دوا سیمفۆنیای ئەم شەوە بێت**

**با هەڵەبجە**

**پەیامی سووری نەوە بێت**

**با دوا کەرنەڤاڵی خوێن و**

**برینی ئەبەدیی ڕۆحی نەتەوە بێت**

**با هەڵەبجە**

**تا هەتایە هەڵەبجە بێت**

**هەڵەبجە بێت**

هەڵەبجە بێت. ...ل561

شاعیر لەم دەقەدا وەڵامی دەقێکی تری پێش خۆی پێشکەش دەکات و هونەرێکی زیندووە لە وەسفی ڕاستەوخۆدا، هاوارێکی گەورەی لێهەڵدەستێت و گریان بەرۆکی گرتووە و چاوەکانی بۆ ئاسۆیەکی دوور، بەڵام جێگەی ئومێد دەڕوانێت، ژیلەمۆی هیواکانی لە ناندینی خەیاڵدا گەش دەسووتێن. شاعیر زۆر بە ڕاشکاوانە و ڕاستەوخۆ تکا دەکات و دەپاڕێتەوە، لەهەرچی هەیە دەپاڕێتەوە، با بەس بێت ئازار و ستەمی هەڵەبجە، تاریکی ژیان و پیشکەوتنی گەلێك کە دەیان ساڵە بە دیار ئازارەکانیەوە دەناڵێنێت. بەسە، ئیتر تەواو، با هەڵەبجە خوێن نەبێت، زام نەبێت،سووتان نەبێت، تەنهاو تەنها هەر هەڵەبجە بێت.

بنیاتی وێنەی لێکدراو:-

بریتیە لە دوو وێنە یان زیاتر یەکیان گرتووە و ئاوێتەی یەکتر بوون و وێنەی لێکدراویان دروست کردووە. (کۆمەڵێ وێنەی تاکە لە نێوان خۆیاندا ڕێککەوتوون بۆ پێشکەش کردنی سۆزێك یان

هەوواڵنامەی کتێب

بیرۆکەیـەك یـان هەڵوێسـتێك کـە زۆر ئاڵۆزتـرە لـەوەی وێنـەی سـاکار بتوانێـت بیگرێتـە خـۆی)7 کەواتـە بـە هـۆی وێنـەی لێکـدراوەوە بیرۆکـە ئاڵـۆز و قەڵەباڵغەکانـی شـاعیر بەسـەر یەکـەوە کەڵەکـە دەبـن و وێنـەی جـوان پێشـکەش دەکرێـت. وێنـەی لێکـدراو بـە دوو جـۆر دیاری دەکەیـن:

1)لێکچواندنی لێکدراو:-

لـەم جـۆرەدا وێنـەی لێکـدراو لەسـەر بنچینـەی وێنـە کێشـانی جـۆراو جـۆری یـەك وەسـفکراو بنیـات دەنرێـت، ئەویـش ئەوەیـە یـەك شـت بـە دوو شـت یـان زیاتـر بچوێنرێـت، واتـە لێچـوو یـەك دانەیـە، بـەڵام لەوچـوو دوو دانـە یـان زیاتـرە.

شاعیر دەڵێت:

**فڕۆکەکان**

**بیرکردنەوەم دادەبێژن**

**وەك چیای گڕ بەسەر خۆمدا هەرەس دێنم**

**سێبەری لە خوێندا ونبووم**

تاوێرەکان دادەپۆشێت. ...ل540

(مـن) کەسـی یەکەمـی تاکـە لەنـاو گەمـە سـەختەکانی ژیـان وەك نەمامـی لاو بـە بـا بەمـلا و ئەمـلادا لار دەبێتـەوە، لـە سیفەتدا لێچـووە و، چەنـد سـیفەتێکی تـر وەری وەرگرتـووە، وەکـو (چیـای گـڕ، سـێبەری لـە خوێنـدا ونبـووم) (لەوچـوو)ن، ئەوانـە دوو سـیفەتن دراونەتـە پاڵ(مـن) و ئەرکیـان وەرگرتـووە.

2)کەڵەکە بوونی وێنە:-

کۆمەڵـە وێنەیەکـی تاکـن کـە بەسـەر یەکـەوە کـۆ دەبنـەوە و وێنەیەکـی جوانـی کەڵەکـە بـوو درووسـت دەکـەن. ئەمـەش لایەنێکـی



گرنگی ناو جیهانی ئەدەبیاتە.

شاعیر دەڵێت:

**ئەمشەو تەمەن لە نێو خۆڵدا داگیرساوە**

**تەمەن چرای بەر بارانە**

**نەمامی بەردەم لافاوە**

**ئەمشەو دەڵێی لە نێو ڕۆحدا**

**ڕووباری خاپوور هەڵساوە**

**زریانی (قەندیل) ڕاساوە**

**ئەمشەو دەڵێی هەموو جەلادانی مێژوو**

**شمشێریان لە ڕووی ڕۆحمدا هەڵکێشاوە**

**کێ دەزانێت من بێ هوودە**

**لە کوێ دەمرم**

**با زەوی هێمن بێتەوە، وەك باڵندەی بەر باران. ...ل549**

کەڵەکە بوونی وێنە لەم دەقە شیعرییەدا زۆر بە جوانی دەردەکەوێت. کاریگەری ڕووداو(واقیع) لەسەر هەست و بیرکردنەوەی شاعیر تەواو دەردەکەوێت، ئاسەواری کارەسات و تاوانی هەڵەبجەو ڕووداوەکان. بە شێوەیەکی نا دروست بوونەتە هۆکاری درووست بوونی هەڵچوونی دەروونی شاعیر. ئەم دەقە لەچەند وێنەی جودا دروست بووەو کەڵەکە بووە یەکەمیان وێنەی بەرجەستە بوونی بنیات ناوە وەك (تەمەن چرای بەر بارانە، نەمامی بەردەم لافاوە)، لە وێنەیەکی تردا لێکچواندنی بنیات ناوە وەك (بازەوی هێمن بێتەوە وەکو باڵندەی بەر باران)، وێنەیەکی تر کە بنیاتی وەسفی ڕاستەو خۆیە (ئەمشەو دەڵێی لە نێو ڕۆحدا، ڕووباری خاپوور هەڵساوە، زریانی قەندیل ڕاساوە، ئەمشەو دەڵێی هەموو جەلادانی مێژوو شمشێریان لە ڕووی ڕۆحمدا هەڵکێشاوە) لە هەموو ئەم وێنانەو ئەوانیتریش دەقیکی ستاتیکی و جوان، کاریگەر لە ڕووی دەروونیەوە پێشکەش دەکات و مەقامی مێژوویێك پیشان دەدات، کە تا هەتایە مرۆڤایەتی لە ئاستی شەرمەزارە.

- ڕەوانبێژی:-

لەسەر ئەم دەقە باسکردنی هەندێك لایەنی ڕەوانبێژی هەڵدەبژێرین و باس و وردەکاری بۆ دەکەین.

أ- لێکچواندن:-

لێکچواندن کارێکی هونەری ڕوونبێژییە، چواندنی نزیکردنەوە سیفەتی شتێك بە شتێکی تر(لێکچواندن لە لایێك لە شێوازێك لە شێوازەکانی ڕوونبێژییە، بەقەد کۆنی دەربڕین کۆنە، ئەمەش چونکە نزیکترین هۆکارە بۆ ڕوونکردنەوەو ئاشکرا کردن، باشترین هۆکاریشە بۆ نزیك کردنەوەی واتا دوورەکان)8 کەواتە هونەرێکی زیندووە و کاریگەرە بۆ جوانکردنی وێنەی شیعری. بنەما سەرەکیەکانی لێکچوون دوو جۆرن(لێکچوو، لەوچوو) بنەما ناسەرەکیەکانی لێکچواندن(ئەوزار، ڕووی لێکچوون) دەگرێتەوە.

شاعیر دەڵێت:-

**با زەوی هێمن بێتەوە، وەکو باڵندەی بەر باران**

لە پەنای برینەکانتدا ئارام بگرێت. ...549

(با زەوی هێمن بێتەوە، وەکو باڵندەی بەر باران) هونەری ڕونبێژی لێکچواندنە.

| | |
|---|---|
| **زەوی** | **لێیچووە** |
| **باڵندەی بەر باران** | **لەوچووە** |
| **وەکو** | **ئەوزارە** |
| **هێمن بێتەوە** | **ڕووی لێکچوونە** |

هەوواڵنامەی کتێب

شاعیر دەڵێت:

**هەڵەبجە ئاوێنەی ڕۆحە**

**شەپۆڵێکی پەنابەرە**

**شەو لە یەخەی تاریکی و مەترسی دەدات. ...559**

| | |
|---|---|
| **هەڵەبجە** | **لێیچووە** |
| **ئاوێنە** | **لەوچووە** |
| **شەپۆڵ** | **لەوچووە** |
| **(پەنابەر، ڕۆح)** | **ڕووی لێکچوونە** |

لـەم کۆپلـە شـیعرەدا ئـەوزار وەك هونەریکـی ناسـەرەکی لێکچوواندن دەرنەکەوتـووە.

ب- خوازە:-

(بریتیـە لـە بـەکار هێنانـی وشـەیێك بـۆ بێجگـەی ئـەو واتـا فەرهەنگیـە دروسـتەی هەیەتـی لەگـەڵ بوونـی قەرینەیێـك، زمانـی بێـت یـان ژیـری، ڕێگـری بـکات لـەوەی کـەوا ئـەم وشـەیە وەکـو دروسـت بـەکار هێـنرا بێـت. کـە دەبـێ بـۆ مانـای خوازەیـی بـەکار هێـنرا بێـت)9

شاعیر دەڵێت:-

**هەڵەبجە ئاوێنەی ڕۆحە**

**شەپۆڵێکی پەنابەرە**

**شەو لەیەخەی تاریکی دەدات**

**تەرمێکە**

لە کفن و تاتە شۆڕ یاخی بووە. ... ل559

(تەرمێکـە لـە کفـن و تاتـە شـۆڕ یاخـی بـووە) مانـای ڕاسـتەقینە و درووسـتی هەڵەبجـە نیـە، (هەڵەبجـە)ش وەك ناوێـك بـە تەنیـا بـۆ ئـەم مەبەسـتە ڕاسـت نیـە، بەڵکـو مەبەسـتی شـاعیر لەگـەڵ نەتەوەیـەك یـان خەڵکـی شـاری هەڵەبجەیەتـی کـە چیـتر ناتوانـن بەرگـەی ئـەم هەمـوو شـەڕ و نەهامەتیانـە بگـرن. کەواتـە (هەڵەبجـە) ناوێکـی یـان شـتێکی خـوازراوە لـە بابەتەکـەدا.

ت- خواستن:-

(بریتیـە لـەوەی هـەر خوازەیـەك لەسـەر بنەمـای لێکچوانـدن پێکبێـت و بنەڕەتەکانـی ئـەوزار و ڕووی لێکچوونـی وەلانرابـن و لـە لێیچـوو و لەوچـوون یەکیـان مابـن، ئـەوا ئـەو خوازەیـە خـوازەی زمانیـەو پێـی دەگوترێـت- خواسـتن-)10

شاعیر دەڵێت:-

ڕووبار بەدەم گریانەوە

بۆ گیا

دەریا

بۆ کەنار و

تریفەی دەگێڕێتەوە. ...ل559

| | |
|---|---|
| لێخواستراو | ڕووبار،گیا، دەریا، کەنار، تریفە. |
| بۆ خواستراو | ئادەمیزاد |
| خواستراو | گۆکردن و گوێ هەڵبەستنی ناوەکانی |
| (ڕووبار، گیا....) | |
| قەرینە | گریان، دەگێڕێتەوە. ئەمانە سیفەتێکن بۆ مرۆڤ دەشێن. |

پ- درکە:-

بریتیـە لـەو هونـەرە پـڕ لـە مەغـزا شـاراوانەی نـاو ڕوونبێـژی، واتـە دەربڕینـی چەنـد ووشـەیەکە کـە بـۆ مەبەسـتی دروسـتی خـۆی بـەکار نایێـت، بەڵکـو مەبەسـتێکی دووری گەرەکـە.

شاعیر دەڵێت:-

**شاعیر توانیویەتی خەیاڵ لە شیعری فەلسەفیشدا بچێنێت و کاریگەری خەیاڵ لە هاوکێشەی شیعری فەلسەفیدا (نهێنیەکان دەپشکنم، تا لە نێوان هەقیقەت و چاوانتدا، سنورێك بۆ ئەم گومانە بدۆزمەوە). وەکو بنەمایەکی هونەری شیعری پیشان داوە.**



**لــە**

**نێــو خــۆڵ و**
**پاشکۆی زبڵ و**
**ئاوارەیی و**
**دەسرپێژدا چاومان هەڵێنا**
**بەرخۆڵەی بەردەم چەقۆ بووین**
**نەوەیەکی**
**بێ داهاتوو و سەرە ڕۆ بووین**

سەرە ڕۆ بووین. ...ل571

(بەرخۆڵـەی بـەردەم چەقـۆ بوویـن) کینایەیـە، هـەم ئاماژەیـە بـۆ قوربانـی پێغەمبـەر ئسـماعیل سـەلامی خـوای لێبێـت، وە هەمیـش مەبەسـتی ڕاسـتەقینەکەی نـووسراوی گـەرەك نیـە، بەڵکـو مانایەکـی دوور و بـێ دەسـەڵاتی خەڵـك یـان نەتەوەیەکـی زوڵـم لێکـراو دەگەینێـت.

لـەم هونەرانـەی ڕوون بێژیـدا شـاعیر کـەم تـا زۆر بـە ویسـت نەویسـتی خـۆی بـێ ئـەوەی بیـر لـە هونـەری ڕوون بێـژی بکاتـەوە هۆنراوەکـەی هۆنیوەتـەوە. واتـە لـە هۆنراوەکـەدا هەمـوو جۆرەکانـی ڕوونبێـژی دەردەکەوێـت.

- **بنیاتی شیعری شاعیر لە دەمی خەیاڵ و واقیعدا:-**

ڕەفیـق سـابیر شـاعیری شـیعری فەلسـەفی و کۆمەڵایەتـی، هیـچ کات بەسـەر شوناسـی ڕووداودا تێناپەڕێـت و جامانـەی کـوردی ناخاتـە سـەری هیـچ شـیعرێك تـا لـە چاوەکانـی نەچێتـە نـاو ئـازار و مەینەتیەکانـی ڕووداو(واقیـع). هەڵبەتـە سـیاقی نووسـینی شـیعر بەبـێ ئامانجـی ڕووداو کاریگـەر نابێـت. دەبێـت هـەم زەمـەن هـەم ژینگـە، هەردووکیـان لـە ئەترافـی سـیاقی نووسـیندا وێنـا بکرێـن، چونکـە ئەمانـە کاریگـەرن لـە بنیاتـی وێنـەی جـوان و شـیعری جـوان. (خەیـاڵ جیهانێکـە چەشـنی خـەون، فیکـر تێیـدا قسـە دەکات)11 دەبێـت فیکـر بچێتـە ماڵـی واقیـع و ڕاڤـەی سرووتەکانـی ڕووداو بـکات. هەڵبەتـە ڕووداو کاریگـەرە و بنەمایەکـی خێرایـە بـۆ دەق و دواتـر بـۆ ڕاڤـە کـردن، بـەڵام دەبێـت خەیـاڵ ببێـت بـە تـاراو بچێتـە کـەژاوەوەو گۆرانـی بـە بـاڵای سـیاقی ڕووداودا هەڵبدات.(ئاخاوتـن تاکـە ئامێـرە کـە بـە مـاددەو واتاییـەوە زادەی هەنـاوی مرۆڤـن، هونـەرەکان هـەر لایەنـی واتایـان بەچکـەی مرۆڤـە لـەوە بـەولاوە ڕەنـگ و زەیـن و بـەرد و قومـاش و فرچـەو پیشـەو ژێ و گـەچ و ... هەمـوو ئـەو کەرەسـتانەی کـە لـە بەرهەمـی هونەریـدا بەشـدارن لـە مـرۆڤ بێگانـەن)12 مـرۆڤ تەنیـا خـۆی هەیـە

و بەس، ئەگەر بە فلتەرەکانی خەیاڵ و زمان و سۆزدا تێنەپەڕێت و واقیع نەداتە بەر تەوژمی هەڵچوونەکانی، ئەوا ناتوانرێت شیعر جوان بکریت. جوانکاری شیعری هونەری زۆری هەیە، بەڵام هیچ جوانکارییەك بەبێ خەیاڵ ناچێتە بۆتەی جوانیەوە.

شاعیر دەڵێت:-

**کەژاوەیەك بۆ ئەم کۆچە لە تریفەو گیا**
**ساز دەکەین**
**لە نێو شەودا**
**گۆڕێکی قوولی بە کۆمەڵ هەڵدەکەنین**
**کەچی دەبێت بە دەلاقەو**
**بەسەر دەسرێژدا دەڕوانێت**
**با لاوکێك بکەین بە کەپری ئەم ژانە**
**یان سروودێك**

بە جۆلانەی ئەم گیاندانە. ...ل570

لەم کۆپلە شیعرەدا زۆر بە ڕوونی وەك مانگی چواردە خەیاڵی شاعیر دەردەکەوێت و بە تەواوی چۆتە ناو بازنەی خەیاڵەوە. (کەژاوەیەك بۆ ئەم کۆچە لە تریفە و گیا ساز دەکەین) کەژاوە لە دار و جوانکاری تر دروست دەکرێت، کەچی ئەوەندە بە واقیعی ڕووداو کاریگەرە هاتووە داوا دەکات لە (تریفە) کە جوانترین دیمەنی مانگە لە شەواندا، یان (گیا) لە جوانیدا سەردەچێ، زۆر نەرم لە ڕایەخ و بۆ دانیشتن کەژاوە دروست بکرێت. ئەگەر گرنگی و سەروەری خەیاڵ نەبێت ئەم شیعرە چۆن وا جوان دەهۆنرێتەوە.

شاعیر دەڵێت:-

**نهێنیەکان دەپشکنم**
**تا لە نێوان هەقیقەت و چاوانتدا**
**سنورێك بۆ ئەم گومانە بدۆزمەوە**
**تا ئاڵاکەم لەسەر کەلاوەکان هەڵکەم**
**گەردی سەدەکان لەسەر ڕۆح**
**شوێنەواری داگیرکەران لەسەر کانی و**
**زەردەخەنەو**
**باران و**
**گیا**

لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەم بسڕمەوە. ...ل572

شاعیر توانیویەتی خەیاڵ لە شیعری فەلسەفیشدا بچێنێت و کاریگەری خەیاڵ لە هاوکێشەی شیعری فەلسەفیدا (نهێنیەکان دەپشکنم، تا لە نێوان هەقیقەت و چاوانتدا، سنورێك بۆ ئەم گومانە بدۆزمەوە). وەکو بنەمایەکی هونەری شیعری پیشان داوە. (گەردی سەدەکان لەسەر ڕۆح) جوانترین برگەی شیعری، جوان لە وشەکاری، جوان لە واتاکاری، جوان لە بیناکاری، جوان لە وێنا کردنی ڕابردوو و چەمکە تراژیدیەکان، ڕێك ئەمە خەیاڵە ئەم هەموو کارە جوانانە دەگرێتە ئەستۆی خۆی.

شاعیر دەڵێت:-

**ئەوا دیسان زامەکانمان کردەوە بەر**
**ئەم گەڵا ڕێزان و چەمە**
**پەڵەی سەر سنگی ژنان و**
**زەردەخەنەی تەزیوی ڕووی منداڵانمان**

بوونە سیمای ئەم سەردەمە. ...ل572

کەواتە بوونی هەردوو بنەمای خەیاڵ و واقیع سەرچاوەی گرنگی

هەوواڵنامەی کتێب

بنیاتـی شـیعرین لای شـاعیر. چونکە(سـۆزی ئـاواز پەرسـتی و گۆرانـی و مۆسـیقا جاروبـار وای لـە شـاعیر کـردووە کـە هـەر بـە ئـاواز بێتـە زمـان و وەك ووشـە و کەرەسـتەی پێویسـتی لـەم دەلاقەیـەوە سـەری هونـەر دەربێنێـت و بکەوێتـە شـیعر وتـن و گفـت و گـۆ کـردن و دەربڕینـی هەسـت و خـەون و خەیاڵـە وروژاوەکانـی)13 خەیـاڵ لەگـەڵ یاوەرەکانـی هەمیشـە شـیعر دەبەنـە لووتکـەو، لـەوێ ئاگـری نـەورۆزی شـیعر دادەگیرسـێنن، هەتـا شـیعر پـڕ بێـت لـە خەیـاڵ و سـۆز و کاریگـەری زمـان و واقیعـی زینـدوو، ئـەوا خوێنەریـش ئـارەزووی خوێندنـەوەو عـەوداڵ بوونـی زیاتـر دەبێـت بـۆ گـەڕان بـە دوای مەبەسـت و ماناکانـی نـاوەوەی شـیعر.

**• درێژ دادڕی و کورت نووسین لای شاعیر:-**

ئـەم بابەتـە وەك بنەمایەکـی سـەرەکی لـە شـیعری نوێـدا سـەیری ناکرێـت، زۆر بـە تەوسـەوە ناچێتـە نـاو باسـی ڕەخنەیـی و شرۆڤـەکاری ئەدەبیـەوە، بەڵکـو لـە کاتـی نووسـینیدا لـە پـاڵ بنەماکانـی تـری جوانـکاری و ڕەوانبێژیـدا دەتوانیـن بـاس لـەم گرنگیـە بکەیـن و حەقـی پێبدەیـن. هەرچەنـدە شـاعیر لـە ڕووی شـکلی یـان فۆرمـی شـیعریەوە، شـیعرێکی درێـژی هۆنیوەتەوە(قەسـیدەیەکی درێـژ) ئەگەرچـی بیرۆکـە شـیعرییە واقیعێکـی تراژیـدی گەورەیـە بـەم هۆنراوەیـە بەتەنهـا حەقـی ئـەم بیرۆکەیـە نادرێـت و تـەواو نابێـت. ئەگـەر بێیـن باسـی کـورت بـڕی و درێـژ داڕی لـە ناوەڕۆکـی شـیعردا بکەیـن چ لـە ڕووی واتـا و چ لـە ڕووی جوانـی نووسـینەوە ئـەوا ئـەم شـیعرە مەغزاییکـە لـە جـوان هۆنینـەوەو، وە پڕیەتـی لـە چەمـك و مانـای فراوانـی شـیعری.

ئێمـە ئەگـەر ئـەم هونـەرە وەك بنەمایـەك وەربگریـن بـۆ دیـاری کردنـی مەغـزاو مانـای فراوانـی شـیعری ئـەوا دەتوانیـن چەنـد وێنەیەکـی شـیعری دیـاری بکەیـن بـۆ نیشـان کردنـی شـاعیر لـە هۆنینـەوەو خەیاڵـی شـیعریدا.

**شاعیر دەڵێت:-**

**بنوو کۆرپە لاسارەکەم!**

**ئەم تاوانە سەرەتایە**

**بنوو ڕۆحە شەکەتەکەم!**

**ئەم سووتانە سەرەتایە**

**بنوو**

**جگەر گۆشەم**

بنوو. ...ل575

شـاعیر بـە تەنهـا لـەم وێنـەدا کـورت بـڕی و درێـژدادڕی ئەنجـام داوە، واتـە دەتوانیـن بڵێیـن (بنـوو) کـە چەنـد جارێـك لـە شـیعر پاتـە کراوەتـەوە فۆرمێکـی درێـژ دادڕی وەرگرتـووە لـە ڕووی نافەرهەنگـی ووشـەوە، ئەگەرچـی پاتـە کردنـەوەی ووشـە بـە یەکێـك لـە ڕێگاکانـی دەچێتـەوە نـاو هونـەری جوانـکاری.

دوورو نزیـك، کـەم تـا زۆر لـە دەقـی شـیعری(لاوکی هەڵەبجـە)دا درێـژ دادڕی کـورت بـڕی هەیـەو هونەرێکـی هـەم ڕوون بێژییـە وە هەمیـش جوانـکاری شـیعرییە.

• زمانی شیعری شاعیر:-

زمـان کاریگەرییەکـی هێنـدە بـە تینـە بـۆ شـیعر، وەکـو ئاگـرە لـە کـورەی ئاسـن و پۆلادا. زمـان لـە دەقـدا چیـە، ئـەم پرسـیارە شـەپۆلێکی شـێتە بـۆ نووسـەری شـیعری و ژانرەکانـی تـری ئـەدەب. زمـان: دەنگـە، ووشـەیە، بڕگەیـە، ڕسـتەیە،ڕەمزە، مەغزایەکـی گەورەیـە لـە فەرهەنـگ،

هەووالنامەی کتێب



زمان دیالێکت و فەرهەنگی گۆڵانە، ماتانێی منداڵانی گەرەکە، زمان زبارەی ساوار کوتانەوەی لاوان و کچانی شەوانی دێیە، زمان بەلۆرەی ژنانە، نوزانەوەی منداڵی بێ باوك و دایکی لە ژیان بەجێماوە. ئەمانە هەمووی زمانن زمانی هەموو ئەمانەش زمانی شاعیرە، زمانی شاعیریش بنیاتی وێنەی شیعرییە(شیعر گەمە کردن نیە بە زمان، بەڵکو گەمە کردنە لەگەڵ زمان)14 گەمە کردن بە زمان لۆژیکی ئاسایی قسەکردنی خەڵکە بەیەکتری، بەڵام کە دەڵێن گەمە کردنە لەگەڵ زمان، لە ئاوەزی خەیاڵ و واقیعدا زمانی شیعری لە دایك دەبێت. شیعر هیچ گرنگی و بەهایەکی نیە ئەگەر گەمەکانی زمان بەدی نەکرێت. واتە کۆت و بەندەکان لەسەر ڕێگەی زمان هەڵدەگیرێت و هیچ یاساو ڕێسایەك نامێنێت، بۆ ئەوەی زمانی شیعری کاریگەری خۆی هەبێت(ئیستاتیکای چامەی شیعر حەتمیەتی خۆی لەوەدا دەسەلمێنێت، کە پێویستی بە مێینە کردنی ووشەیە(تأنیپ الکلمات) لە نێو پرۆسەی ڕامانی قسەو بنیاتنانی یەکێتیەکی ئۆرگانیزمدا. هەڵبەتە شیعر هیچ کەرەستەیەك بەکار ناهێنێت بۆ قسە کردن و گەیاندن، بەڵکو خۆی قسە لەگەڵ خوێنەردا دەکات، بەوەش هێزی کارلێکردن لە میانەی چێژ وەرگرتن و مەعریفی پەیام وەرگردا دەبێت بە رەگەزێکی گرنگ لە بنیات و شێوازی بەخششە شیرییەکە.)15لەوەدا دەردەکەوێت زمانی شیعری دەبیت لە ناو خەیاڵ و سۆزدا بتوێتەوە، تاوەکو لە بەهاردا گوڵێکی جوان و ناسك و لە پایزدا گەڵای زەردو سیمای خەزانی پایز و ڕەنگی گەڵا ڕێزانمان پێشکەش بکات، لە هاوینان لەسەر کەپری گوند و لادێ شەوان بەدیار تریفەی مانگ و جریوەی ئەستێرەکان و بەیانیانیش بانگی کەڵەشێر و زستانانانی سرووشتمان وێنا بکات، زمان هێزە بۆ شیعر کاتێك ناسك دەبێتەوە، زمان چەخماخەیە بۆ شیعر کاتێك ڕووداو(واقیع) دەیەوێت ووشك ببێتەوەو لە بەین بچێت.

شاعیر دەڵێت:-

**گەرووی بە گزنگ تەڕکەن**
**زامەکانی بە شێلان**
**بە گۆرانی داپۆشن**

یان بە سەوزایی دارستان. ...ل575

تەماشای دیمەنە جوانەکانی ناو دەق بکە، چۆن ووشەکان کەوتوونەتە سەماو قانە قدیلەی یەکتر دەدەن و، چۆن بە دەم یەکترەوە پێدەکەنن، گەمە ناوازەکانی ووشە لە ناو دەقەکانی لاوکی هەڵەبجەدا هاوکێشەیەك شیکار دەکات کە بۆ دوا جار

**شاعیر لەم دەقە شیعرییەدا چەند ووشەیەکمان پێشکەش دەکات، کە وێنەیەکی وەسفی ڕاستەوخۆیە. سرووشتی سیفەتی ووشەکان بۆ مەبەستێکی دوور کە کینایەیە دەگەڕێتەوە. واتە لە نێوان ووشەکاندا گەمەیەك هەیە، ئەم گەمەیە دەکەوێتە نێوان سیفەتی ووشەکان لە جولانەوەو سرووشتی ژیانیاند**



ئەوەمان پێدەڵێت شیعر خۆ دوێنە، گەر شیعر قسە نەکاتن ووشە دەست لەملی بڕگەو هێما دەست ناخاتە ناو دەستی خاڵی دەست پێك و کۆتایی. (گزنگ) تیشکی هیواو دەستپێکی ڕۆژێکی نوێیە بۆ ژیان. (تەڕ) ووشەیەك تێهەڵچوونەوەیە بۆ ژیان. ئیتر هەموو ووشەکان سەریان کردۆتە سەرینی یەکتر و تامەزرۆی جوانی و ئومێدی ژیانێکی خۆش و شارێکی ئارام بۆ یەکتر بە ئومێد دەخوازن. ئەم هەموو گەمە جوانانە یەکێتی شیعر و یەکێتی خوێندنەوە و یەکێتی مانا و تێگەیشتن دروست دەکات.

شاعیر دەڵێت:

**نیگای سڕو حەپەساومان**
**داپەڕووەری**
**پەڕەسێلکە**
**جاڵجاڵۆکە**
**کوردایەتی**
**قاسپەی کەو و**
**نزاو هاواری خنکاومان**
**ژەهراین و ژەهراوین و ژەهراوین! ...ل569**

شاعیر لەم دەقە شیعرییەدا چەند ووشەیەکمان پێشکەش دەکات، کە وێنەیەکی وەسفی ڕاستەوخۆیە. سرووشتی سیفەتی ووشەکان بۆ مەبەستێکی دوور کە کینایەیە دەگەڕێتەوە. واتە لە نێوان ووشەکاندا گەمەیەك هەیە، ئەم گەمەیە دەکەوێتە نێوان سیفەتی ووشەکان لە جولانەوەو سرووشتی ژیانیاندا. لەم گەمە گەمەیەدا دۆخێکی دەروونی لە ئەوپەڕی ڕاستەقینەی ڕووداوادا دەردەکەوێت. کەواتە گەمەکە دەکەوێتە نێوان واقیع و خەیاڵ. لە ئەنجامدا گەمەکە بە خۆدواندنێکی شیعر، زمانی شیعر دەیباتەوە.

• پاتکردنەوە وەك هونەرێکی جوانکاری لە شیعری شاعیردا:-

(پاتکردنەوە لە زمانی عەرەبیدا - التکرار- پێدەڵێن، بریتیە لەوەی شاعیر ووشەیەك، یان چەند ووشەیەك و دەستەواژەیەك یان ڕستەیەك بێنیت و چەند جارێك دووبارەی بکاتەوە بۆ چەند مەبەستێکی تایبەتی، بەو مەرجەی هەموویان واتایان یەك بێت. واتە هیچ لە جارەکان واتایان نەگۆڕێت)16 پاتکردنەوە دەگەڕێتەوە سەر توانا و سەلیقەی شاعیر و کاریگەری واقیع و تەوژمی خەیاڵی شاعیر لە هۆنینەوەی شیعرەکەدا کە پاتکردنەوەی ووشەیە لە دەقدا.

پاتکردنـەوە دەبێـت لـە مانـاو پیـت و بڕگـەدا وەکـو یـەك بـن. نابێـت مانـا سـەرەکی و ڕاسـتەقینەکەیان جیـاواز بێـت، بـەڵام ئاسـاییە شـاعیر لـە کاتـی هۆنینـەوەی شـیعرەکانی بـۆ چ مەبەسـتێکی خـوازراو بـەکاری دەهێنێـت.

شاعیر دەڵێت:-

**بە نێو کێڵگەی ژیلەمۆدا بەرەو لات دێم**

**پێیەکانم لە دووم نایەن**

**سەرم بە هەر دەوەن و بەردو گیایەك دەکەم**

**ژەهراوییە**

**باوەش بە هەر هاژەو لاوکێکدا دەکەم**

**ژەهراوییە**

**پەنا بۆ هەر دۆستێك دەبەم**

**پەل بۆ هەر شەپۆڵێکی ئاشنا درێژ دەکەم**

**ژەهراوییە**

**بۆنی بارانە بەهارە**

**تاڤگە**

**باڵە فڕەی باڵندە**

**سەگوەڕو**

**ماچی لێوانمان**

**ژەهراوین و ژەهراوین و ژەهراوین. ...ل568**

لـەم دەقـە شـیعرییەدا ووشـەی (ژەهراوییـە) بـۆ سـێ جـار پاتـە بۆتـەوە کـە تەنها یـەك مانـاو فۆرمـی وەرگرتـووە. هـەر لـە کۆتایـی ئـەم دەقـەدا ووشـەی (ژەهراوییـن) بـۆ سـێ جـار پاتـە بوویتـەوە، دیـارە جیـاوازی هەیـە لـە شـکلی ووشـەکەدا، بـەڵام یـەك واتایـان هەیـە. هەرچـی ووشـەی (ژەهراوییـە) کـە بـەم شـکلە پاتـە کراوەتـەوە خەبەرێکـە لـە شـێوەی ڕاگەیانـدن پاتـە دەکرێتـەوە. دەتوانیـن بـە پێـی هۆنینـەوەی شـیعرەکە هونـەری پاتکردنـەوە دیـاری بکەیـن وەك:-

o پاتکردنەوەی ڕاگەیاندن:-

شاعیر دەڵێت:-

**سەر بە هەر دەوەن و بەردو گیایەك دەکەم**

**ژەهراوییە**

**باوەش بە هەر هاژەو لاوکێکدا دەکەم**

**ژەهراوییە**

**پەنا بۆ هەر دۆستێك دەبەم**

**پەل بۆ هەر شەپۆڵێکی ئاشنا درێژ دەکەم**

**ژەهراوییە. ...ل568**

ووشـەی ژەهراوییـە سـێ جـار پاتـە بوویتـەوە بـە مەبەسـتی ڕاگەیانـدن دەرکەوتـووە لـە دەقەکـەدا.

پاتکردنەوەی ئاوەڵفرمان:-

**شاعیر دەڵێت:-**

**نەوەیەکی**

**بێ داهاتوو و سەرەڕۆ بووین**

**سەرەڕۆ بووین. ...ل571**

ووشەی(سـەرەڕۆ بوویـن) دووجـار لـە حاڵەتێکـی دەروونـی پاتـە بوویتـەوە لـە نـاو دەقـە شـیعرییەکەدا.

پاتکردنەوەی فرمان:-

شاعیر دەڵێت:-

**بنوو کۆرپە لاسارەکەم**

**ئەم تاوانە سەرەتایە**

**بنوو ڕۆحە شەکەتەکەم**

هەوواڵنامەی کتێب

**ئەم سووتانە سەرەتایە**

**بنوو جگەر گۆشەکەم**

**بنوو. ...ل575**

ووشــەی (بنــوو) چــوار جــار پاتــە بۆتــەوە، لەنــاو دەقەکــەدا ئەرکــی فرمانــی دووری بینیــوە.

پاتکردنەوەی ناو:-

شاعیر دەڵێت:-

**هەڵەبجە ئاوێنەی ڕۆحە**

**هەڵەبجە درەختی خوێنە**

**خۆڵ دەیدێرێت. ...ل560**

ووشــەی (هەڵەبجــە) دوو جــار پاتــە بوویتــەوە، وەك ئەرکــی نــاو لــە دەقەکــەدا دەرکەوتــووە.

پاتکردنەوەی ئاوەڵناو:-

شاعیر دەڵێت:-

**تاوێرێك هەڵدەکۆڵین و**

**کەچی ڕووتین**

**خۆمان بە ساچمەو هەوری ژەهراوی دادەپۆشین**

**هێشتا ڕووتین**

**ڕووتین**

**ڕووتین. ...ل542**

ووشــەی (ڕووتیــن) چــوار جــار لــە ئەرکــی ئاوەڵنــاو لەنــاو دەقەکــەدا پاتــە بۆتــەوە.

پوختەی باس:-

تــەواوی قەســیدەی لاوکــی هەڵەبجــە لــەوە زیاتــر هەڵدەگرێــت هــەر نووســەرێك یــان هــەر شرۆڤەکارێــك بیەوێــت لەمــەر کونجــە جوداکانــی ئــەم قەســیدەیە بنووســێت و شــتێك بخاتــە ســەریەك و ئومێــدی بــاڵا کردنــی ئــازار و نەهامەتیەکانــی کــورد و خــۆڵ و ژینگــەی کــوردی لــە چــاوی شــاری هەڵەبجــەو ژینگــەی هەڵەبجــەو هاوڵاتــی و نشــینانی هەڵەبجــە وەك کەللتورێــك بــە دونیــای ئەمــڕۆو داهاتوومــان بگەینێــت. هەڵبەتــە ئــەم قەســیدەیە دوو ســاڵ دوای کیمیــا بارانــی شــار لــە غوربــەت و غەریبیــدا بــە قەڵەمــی شــاعیر نــووسراوە، بــەلام شــاعیر مەنیفێســتێکە بــۆ هەڵەبجــە، چونکــە زۆر هەســتیار و واقیعیانــە درکــی بــە ئــازار و باگراوەنــدی شــار و خەبــات و ئیدیۆمەکانــی گەلەکــەی کــردووە، تەنانــەت ئــەم شــیعرە لــە هەســتی شــاعیرەوە پێــمان دەڵێــت هیــچ شــتێك نەمــاوە بــۆ ئــەوەی بمریــن.! بۆیــە نامانــەوێ چیــتر لــە هیــچ شــتێك بترســین بــۆ ئــەوەی نەمریــن.

شــاعیر وێنــەی هەســتیار لــە ســەر بنەمــا هونەرییــە جــوداکان بنیــات دەنێــت و بــە شــێنەیی دەچێتــە ژێــر هــەر چەترێکــی خەیــاڵ و واقیــع دەداتــە بــەر نەشــتەری زمــان و وێنــە دوای وێنــە ئــازاری کۆمەڵــگای کــوردی و مردنــی بێدەنگــی مرۆڤــی کوردمــان لــە ئاوێنــەی هەڵەبجــەو هەڵەبجەییــەکان پێــش پیشــکەش دەکات. ئــەم قەســیدەیە بەرهەمێکــی ئەدەبییــە دونیایــەك بنیاتــی هونــەری تێــدا کــۆم بوونــەو، مێژووێکــی دینامیکییــە لــە ئاوێنــەی نەتەوەیەکــی چەنــد ملیۆنیــدا. گێڕانــەوەی ڕووداوێکــی گەورەیــە، کــە پڕیەتــی لــە مــردن و شــکانەوەو چەمانــەوەی ژیــان بــە هەمــوو بەهــا ڕەوشــتی و مرۆییەکانــەوە، گێڕانــەوەی تەڵــخ بوونــی خــاك و ژینگەیــە بــە زمانــی ســێو و بــۆن لــە نــاو هەســارەیەکی پــڕ مەترســیدا. نووســینەوەی باڵاتریــن گوناهەکانــی بوونــی هەلەبجەیــە. نووســینەوەی هەڵەبجەیــە لــە نقــووم بوونــی ئــازاردا.

هەموو ئامەی کتێب

دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە دەریدەکات

سەرچاوەکان

1- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا 0791- 1991، سەردار ئەحمەد گەردی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لا92.

2- لە بانێژەی شیعرەوە، مەحمود زامدار، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد، ژمارە(5)، لا41-51.

3- شەش لێکۆڵینەوەی شیعری، ئازاد ئەحمەد مەحمود، دەزگای ئاراس، لا14.

4- شەش لێکۆڵینەوەی شیعری، ئازاد ئەحمەد مەحمود، دەزگای ئاراس، لا14.

5- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا 0791- 1991، سەردار ئەحمەد گەردی،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،

6- وێنەی شیعری، کاکەی فەلاح، گۆڤاری کاروان،ژمارە(94)، 6891، لا52.

7- الصوره الفنیه فی شعر أبی تمام، ص081.

8- لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، د. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، 1102، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی،لا611.

9- لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، د. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، 1102، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی،لا561.

01- لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، د. ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، 1102، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی،لا581.

11- شەڕی زمان لە پێناو تەئویلکردنی دەقدا، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،0102، لا231.

21- کەوچکێک شەکر بۆ قاوەی تاڵ، مەسعود محەمەد، دەزگای ئاراس،چاپی یەکەم، 0102، لا95.

31- کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، حەمە حەمەئەمین قادر(کاکەی فەلاح)، چاپخانەی حسام بەغدا 0891،لا22.

41- زمان، بوون، شیعر (خویندنەوەیەك بۆ ئەزموون و تایبەتمەندی شیعرەکانی هاشم سەراج)، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵلا، دەزگای موکریان 9002، لا52.

51- ڕەنگاڵەکانی دەق، پرۆژەیەکی ڕاڤەکاری چەند دەقێکی ئەدەبییە، د. ئازاد عەبدولواحید کەریم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوك 1102، لا 821.

61- جوانکاری شیعری نوێی کوردی، د. ئیدریس عەبدوڵلا، دەزگای موکریان، چاپی یەکەم 2102، لا05.

71- دیوانی ڕەفیق سابیر، ڕەفیق سابیر، چاپخانەی تاران، 4102.

# رەفیق سابیر



## رەنگە ئامانجی ئەدەبیی من ئەوە بێت، لە رێگای شیعرەوە، مانایەك بە بوون و ژیانی خۆم بدەم.

**سازدانی: شاخەوان سدیق**



دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

*** شیعر سنووری دەربڕینی زمان بەرینتر و مەودای فانتازیا و بیرکردنەوەی مرۆڤ فراوانتر دەکات.**

*** رۆحێکی هۆگری شیعر و هونەر ئازاد و جوان، ژیاندۆست و ئەویندار، دەبێت.**

*** هێمنی و میهرەبانی هونەرن، مرۆڤ فێریان دەبێت، کەچی توندتیژی خووە.**

***رەنگە ئامانجی ئەدەبیی من ئەوە بێت، لە رێگای شیعرەوە، ستایشی جوانی، ئەوین و ئازادی بکەم، مانایەك بە بوون و ژیانی خۆم بدەم.**

*** سنووری نێوان خۆشەویستی و کینە، هەنگاوێکە.**

**پ1/ شیعر یەکێکە لە گرنگترین و کۆنترین ئەو ژانرە ئەدەبیانەی کە بەدرێژای مێژوو لەگەڵ مرۆڤدا ژیاوە، (کازانزاکیس) یش دەڵێت( شیعر ئەو خوێیەیە کە ناهێڵێت جیهان بۆگەن بکات) بەبڕوای ئێوە ئەم گرنگیەی شیعر لە چییەوە هاتوە؟ تۆ بۆدەتەوێت شیعر بنوسیت و بۆ تۆ شیعر چییە؟**

**رەفیق سابیر** -شیعر هونەرێکی زمانی و چڕترین ژانری ئەدەبییە، کە بە هۆیەوە جوانی و سروشتی فرەڕەنگی و فرەدەلالەتی زمان، دەردەکەوێت. شیعر بە هۆی ئازادکردنی زمان و داهینان لە زماندا، لە ئەنجامی گۆڕینی زمان لە ئامرازێکی پەیوەندییەوە بۆ هونەر، تایبەتمەندیی خۆی، وەک ژانرێکی ئەدەبی، دەسەلمێنێت. شیعر، وەک مۆسیقا، پێداویستییەکی رووناکبیری، رۆحی و سایکۆلۆجیی مرۆڤە. لەچاو ژانرە ئەدەبییەکانی تردا، لە هەست و هزری خۆرسکی و خەیاڵی سەرکەش و دونیای جەنجاڵی ناوەوەی مرۆڤ نزیکترە. بۆیە، بە رای من، لە هەموویان زیاتر پێویستیی بە ئازادی و زمانی ئازد، هزری ئازاد، خەیاڵ و دەربڕینی ئازادانە هەیە. زمانی شیعر جیاواز، پوختە و بژارکراوە، هەروا زمانێکی ناڕاستەوخۆ، پڕ دەلالەت، پڕ مێتافۆر و سنووربەزێنە. لە شیعردا، زۆر جار، وشە مانا قامووسییەکەی ون دەکات و وەک سیمبولێک دەردەخرێت، یان واتایەکی تری پێ دەدرێت. مێتافۆر و وێنەی شیعری، کە بنچینەی زمانی شیعریین بە گشتی، مانای نوێی وتن و دەربڕینی نوێ لە زماندا، دادەهێنن. زمان لە فۆرمێکی نوێدا دەردەخەن، سنووری دەربڕینی زمان بەرینتر و ئاسۆکەی رەنگینتر و مەودای فانتازیا و بیرکردنەوەی مرۆڤ فراوانتر دەکەن.

شیعر سنووری زمان و بیرکردنەوە و خەیاڵ و لوجیک دەبەزێنێت، مرۆڤ بەرەو بیرکردنەوەی ئازاد و ئازایانە دەبات. لە شیعرەوە فێر دەبین کە ئازادیی راستەقینە لەناخمانەوە سەرهەڵدەدات، راستییش لەناو خۆمانەوە دەست پێ دەکات. بە بێ دەستخستنی ئەو ئازادییە ناوەکییە، بە بێ گەیشتن بەو راستییە نیوخۆییە، زەحمەتە لە دەرەوەی خۆماندا ئازادی و راستی بەدەست بهێنین. نیتشە (١٨٤٤-١٩٠٠) دەڵێت «بۆ ئەوەی لە راستی دانەبڕێین، دەبێ هونەرمەندانە بژین». شیعر، وەک هونەر، ئاسۆی بیرمان بەرین و لە ناخەوە ئازادمان دەکات، ئازادی بەرەو بوێری و یاخیبوونمان دەبات، تا لە دەرەوەی خۆمان، بە دوای ئازادیدا بگەڕێین، داکۆکی لە راستی بکەین. مرۆڤی ئازاد ناتوانێت لەناو کۆمەڵێکی نائازاددا دەستەمۆیانە هەڵبکات. بۆ ئەوەی ریتمی ژیانی خۆی بپارێزێت، لە دەرەوەی خۆی بۆ ئازادی دەگەڕێت. هەوڵ دەدات لەو کۆت و داوە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە دەرباز ببێت، کە چواردەوریان تەنیوە. رێکەوت نییە کە بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری و ستەم، سەرەتا لە شیعردا دەردەکەوێت. لە رەوشی



خەباتی رزگاریخوازیدا شیعر، لەناو ژانرە ئەدەبییەکاندا، دەبێتە بڵندگۆی یاخیبوون و ئازادی و پێشەنگی ئەدەبی بەرگریی نەتەوە. بۆ نموونە شیعری بەرگریی فرەنسایی لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهانی و داگیکردنی فرەنسا، لە لایەن نازییەکانی ئەڵمانەوە، شیعری بەرگریی ڤێتنامی، ئایرلەندی، فەلەستینی و کوردی ..تاد. هەروا ئەوەندەی بزانم، لە زۆربەی وڵاتاندا، سەرەتاکانی بیری رۆشنگەری و مۆدێرنیزم، خەونی نوێخوازی و یاخیبوون لە هزری بەردین و نەریتی دەقگرتووی ئەدەبی و سیستمی کۆنخوازی و ستەمی ئاین و دەزگا ئاینییەکان، سەرەتا لە شیعردا دەرکەوتوون، دواتر ژیانی فیکری، رووناکبیری، سیاسی و کۆمەڵایەتییان گرتۆتەوە. لە ئەدەبی کوردیدا خانیی مەزن و حاجی قادری کۆیی، کە زۆر پێش سەردەمی کۆمەڵەی خۆیان کەوتبوون، دوو بەڵگەی روونی ئەم بۆچوونەی سەرەوەن. دیارە لە شیعری زۆر نەتەوەی تریشدا، ئەم نموونانە هەن، کە لاموایە ئێرە جێگای باسکردنیان نییە.

شیعر لە بواری کولتووری و زمانییشەوە، بایەخدارە و دەکرێت بە ئاوێنەیەکی ژیانی رۆحیی نەتەوە دابندرێت. گیانی نەتەوە، خەون و روانینی بۆ ژیان و بوون و سروشت، هەروا لایەنی جۆراوجۆری ئێتنۆگرانی و کۆمەڵایەتیی نەتەوە، بە روونترین شێوە، لە شیعردا دەردەکەون. رێکەوت نییە کە مێژووی کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی و شەڕ و نەبەردیی گەلانی سەردەمی بابلییەکان و گریکی کۆن و سەدەکانی ناوەڕاست و دواتریش، لە داستان و چیرۆکی شیعریدا، رەنگیان داوەتەوە. بۆ نموونە داستانی گلگامشی بابلی، ئەلیادە و ئۆدێسای هۆمێرۆس، شانامەی فیردەوسی، (سوارێک لە کەوڵی پڵنگدا)ی شاعیری گورجستان شۆتا رۆستاڤیللی، مەم و زینی خانی ...تاد.

زمان لە رێگای شیعر (هەروا فەلسەفە) گۆڕانی بەسەردا دێت، گەشە دەکات، پێش دەکەوێت، توانای داهێنەرانەی خۆی پێشان دەدرێت. ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی دەیسەلمێنێت کە بوژانەوەی شارستانەتی، زمانی، کولتووری و سەرەتای دەرکەوتنی هەستی نەتەوەیی و خۆناسینی نەتەوەیی، لە هەندێک وڵات، لەوانە لە کوردستاندا، سەرەتا لە شیعردا رەنگیان داوەتەوە، شیعر وێنەیەکی گشتی و جۆراوجۆری ژیانی رۆحی، فیکری و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیان پێشان داوە. بۆ نموونە لە سەردەمی میرنشینی بۆتان، ئەردەلان و باباندا، پێداویستیی دروستبوونی زمانی ئەدەبی (زمانی نووسین) رەخسا. لە سایەی هەر میرنشینێکدا شیعر، وەک تاقە ژانری نووسراوی ئەدەبی، بە شێوەزاری زاڵی هەر ناوچەیەکی میرنشینی، دەرکەوت. بۆ یەکەم جار، لە رێگای شیعرەوە، زمانی کوردی، بە شێوەزاری کرمانجی، دواتر گۆران (هەورامی) و دواتریش کوردیی خواروو، لە زمانی پەیڤینەوە گۆڕدران بۆ زمانی نووسین و ئەدەبیات گەشەیان پێ درا. لە شیعری ئەو سەردەمانەدا، کە بە شیعری کلاسیکی کورد ناسراون و بە نموونەی بەرزی شیعری کلاسیکی رۆژهەڵات دادەندرێن، زۆر لایەنی هزر و بیرکردنەوە و تێڕوانینی مرۆڤی کورد بۆ ژیان و داهاتوو دەبیندرێن. بە هۆی ئەو شیعرانە بنەماکانی هونەر و تەکنیکی شیعر و مەجاز و وێنەی شیعری و جۆرەکانی کێش و عروز و رەوانبیژی ..تاد، لە ئەدەب و زمانی کوردیدا، چەسپێندران. هەروا لەو شیعرانەدا زۆر لایەنی ژیانی فیکری، کولتووری, کۆمەڵایەتی و ئێتنۆگرافیی کۆمەڵی ئەو سەردەمانەی کوردستان و سەرەتاکانی هەستی نەتەوەیی، پێشان دراون. رێکەوت نییە کە شیعر، لە چەندان وڵاتی تردا، هەمان رۆڵی لە ژیانی کولتووری و نەتەوەییدا بینیوە. بۆ نموونە زمانانی فارسی،

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

بوڵـگاری و ئۆکراینی..تـاد. لـە رێـگای شـیعرەوە، لـە زمانـی ئاخاوتنـەوە، گـۆڕدران بـۆ زمانـی نووسـین. سـەرەتاکانی هەسـت و هۆشـیاریی نەتەوەیـی، لـەو وڵاتانـەدا، لـە شـیعردا دەرکەوتـن و بـە هـۆی شـیعرەوە بـڵاو بوونـەوە، زەمینـەی کولتوورییـان بـۆ دەرکەوتنـی ناسـیۆنالیزم و بزاڤـی رزگاریخوازیـی نەتەوەیـی رەخسـاند. کەچـی لـە هەندێـک وڵاتـی تـر زمانی نووسـین، لـە رێـگای تێکسـتی ئاینییـەوە، دەرکەوتـووە. بـۆ نموونـە تـەورات و زمانـی عیـبری، قورئـان و زمانـی عەرەبـی، ئینجیلـی تەرجومەکـراوی لۆســەر و زمانــی ئەڵمانــی. ئــەم بــەراوردە خێرایــەی نێــوان شــیعر و کتێبـی ئاینـی، بایـەخ و شـوێنی تایبەتـی شـیعر، لـە ژیانـی کولتـووری و رۆحیـی کۆمەڵێـک گـەل، لەوانـە گەلـی کوردسـتاندا، دەردەخـات. رەنگـە لەبـەر ئەمـەش بێـت، کـە هێشـتا لـە کوردسـتاندا، شـیعر ئەرکـی سیاسـی بـۆ دادەندرێـت، داوا دەکرێـت وەک ئامرازێـک، لـە کێشـە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـدا، بـەکار بهێندرێـت.

دواجـار دەبێـت بڵێـم کـە شـیعر بـە جوانیـمان دەناسـێنێ، رۆحـمان لـە جوانـی دەگرێـت و هەسـتی جوانیـمان بـە جۆرێـک بێـدار دەکاتـەوە کـە، جوانیـی شـتە سـادە و ئاساییەکانیش ببینیـن. رۆحێکـی هۆگـری شـیعر و هونـەر، دەتوانێـت ئـازاد و جـوان، ژیاندۆسـت و ئەوینـدار، بێـت. خـۆی لـە ئیرەیـی، کینـە و توندوتیـژی بـەدوور بگرێـت. جوانـی دیارییەکـی دەگمەنـی سروشـت و ژیانـە، جوانـی ئارامـی و ئاسـوودەییە، دەسـەڵاتە، جوانـی بەختەوەرییـە. شـیعر، لـە رێـی جوانییـەوە، لـە رێـی ئازادییـەوە، بـە هـۆی ئاوێزانبوونـی ژیـان، سروشـت، بـوون و ئینسـان، دەتوانێـت توانای جوانناسـی، هاوسـۆزی و مرۆڤدۆسـتیمان پـەرە پـی بـدات، فێرمـان بـکات رێـزی ژیـان، ئینسـان، سروشـت و حەیـوان بگریـن.

مـن بـەو جـۆرە بـۆ شـیعر و گرنگیـی شـیعر دەڕوانـم. بـە





هەوواڵنامەی کتێب

**من پێش هەر شتێك، لەبەر خۆم شیعر دەنووسم. بۆیە شیعر دەنووسم، چونکە ناتوانم نەی نووسم. شیعر دەنووسم بۆ ئەوەی هەنگاوێك لە ئازادی، جوانی، راسیتی و لە خۆم نزیکتر ببمەوە**



پێداویستییەکی ژیانی رۆحی، هونەری و رووناکبیریی خۆمی دەزانم. رەنگە ئامانجی ئەدەبیی من ئەوە بێت، کە لە رێگای شیعر و هەوڵدان بۆ نووسینی چەپکە شیعرێکی لەو شێوەیەی لەسەرەوە باس کرا، ستایشی جوانی، ئەوین و ئازادی بکەم، مانایەک بە بوون و ژیانی خۆم بدەم.

**پ/2کاتێك کە ئەزموونی شیعری تۆ دەخوێنینەوە، تیایدا هەمیشە هەست بەگەڕانەوەیەکی دیار یان شاراوە بۆ ڕابردوو دەکەین و لەوێوە بەر دونیای شتە بچوك و سادەکانی ئەشقێکی ناکام، بە زمانێکی قوڵ دەکەوین، ئەم گرنگیدانە بە ڕابردوو بۆ؟ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ڕاڤەکردنی عەشق، تەنها کەرەستەیە بۆ بنیاتنانی شیعر یان یادەوەریەکی لە دەستچووی تۆیە و شیعر قەرەبووی لە دەست چونیت بۆ دەکاتەوە.**

**رەفیق سابیر** -ئەم سەرنجەت زیاتر پەیوەندیی بە هەندێک لەو هۆنراوانەوە هەیە، کە لەم هەشت/نۆ ساڵەی دواییدا نووسیومن. رابردوو زەمانێکی ئەبستراکت (موجەرەد) نییە، کە لەگەڵ بەسەرچوونیدا، ون ببێت. رابردوو ئەزموونە، ژیانە لە سەردەمێکدا، کە بەردەوام دەتوانێت، لە بیر و رەفتار و کاری مرۆڤدا، خۆی بەرهەم بهێنێتەوە. لەگەڵ هەڵکشانی تەمەندا، رابردوو، یان بەشێکی رابردوو، روونتر خۆی دەردەخات و وەک سێبەر لەگەڵ مرۆڤدا رێ دەبڕێت. هەندێک جار ئێستا، بە بەراورد لەگەڵ رابردوودا، جوانی و واتا و بایەخی خۆی دەردەخات. کورد دەڵێت (ساڵ بە ساڵ خۆزگەم بە پار). دیارە ئەم ئیدیۆمە لەگەڵ سروشتی ژیاندا، کە هەمیشە لە گۆڕان و پێشکەوتن و نوێبوونەوە دایە، نایەتەوە. بەڵام لە ئەزموونی تاکەکەسدا، کە مرۆڤ، وەک هەر دیاردەیەکی زیندوو، بەرەو پیربوون و لاوازبوون و پووکانەوە دەڕوات، تا رادەیەک دروستە. گەڕانەوە بۆ رابردوو، نۆستالجیا و غەریبیکردنی شوێن و کەس و دۆست و یارانی لەدەستچوو، دیاردەیەکی مرۆیین و بەشێکن لە ژیان و سروشتی مرۆڤ. بۆیە گەڕانەوە بۆ رابردوو، لە شیعردا، دەکرێت وەک زۆر دیاردەی تری ژیان، کەرەستەیەکی بنیاتنانی شیعر و هونەر بێت، وەک بەرێزت ئاماژەت پێ کردووە، بەڵام ئەمیش، وەک هەر کەرەستەیەکی تری شیعر، ناشێت بە جۆرێکی میکانیکییانە، بەکار بهێندرێت، بەڵکو لە رەوشی داهێناندا، دەگۆڕدرێت بە شیعر و هونەر. بە رای من گەڕانەوە بۆ رابردوو، وەک حاڵەتێکی سایکۆلۆجی، رەنگە هەندیک جار، خۆدزینەوەیەکی کاتی بێت لە ئێستا و هەندێک گرفت و

هەموو نامەی کتێب

خەفەت و سەرئێشە، کە مرۆڤ لە ژیانی رۆژانەیدا روو بە روویان دەبێتەوە. یان دەکرێت ئاوڕدانەوە بێت بۆ هەندێک ئەزموونی تایبەت، کە هێشتا، وەک کات و رووداوی بەسەرچووی گرنگ و خۆش، جوانی و مانای خۆیان لەدەست نەداوە. لەگەڵ مرۆڤدا دەژین، هێز و ئاسوودەیی و سێبووریی دەبەخشن. بەرجەستەکردنی ئەم جۆرە ئەزموونە، لە شیعردا، دەشێت رواڵەتێکی گشتیی پێ بدات و لە ئەزموونی تاکەکەسییەوە، بیگۆڕێت بە ئەزموونی کەسانی تریش.

**پ3/ نوسەرێك دەڵێت» پتر لە هەر شتێكی تر بۆیە شیعر دەنوسم هەتا بتوانم باسی خۆم بكەم» ئەپرسم تۆ تا چەند لە نوسینەكانتا خۆت ئامادەی؟ تۆ خۆت دەنوسیتەوە. یان ئەوانی تر، لەكاتی نوسیندا خۆت و دنیا تایبەتەكەی خۆتت لە بیرە؟ یان تۆ بۆ خوێنەر دەنوسیت و لە پێش نوسین و دوای نوسینیشا خوێنەرت لە بیرەو بۆ ئەوان دەنوسیت.؟ شیعر پەیوەندیەكی زاتییە یان گشتی؟**

**رەفیق سابیر** -من، پێش هەر شتێک، لەبەر خۆم شیعر دەنووسم. بۆیە شیعر دەنووسم، چونکە ناتوانم نەی نووسم. شیعر دەنووسم بۆ ئەوەی هەنگاوێک لە ئازادی، جوانی، راستیی و لە خۆم نزیکتر ببمەوە. هەست و بیر و بۆچوونم، کە ئاوێتەی ژیان و ئەزموونی تایبەت و کۆمەڵایەتی بوون، بەرامبەر بوون و سروشت و مرۆڤ، دەرببڕم. کاتێک دەڵێم لەبەر خۆم شیعر دەنووسم، واتا لەبەر ئینسان شیعر دەنووسم. ئەوەی من لە شیعردا بۆی دەگەڕێم، پەیوەندیی بە مرۆڤایەتییەوە هەیە. شیعر دەنووسم تا باشتر خۆم بناسم. ئەگەر مرۆڤ خۆی نەناسێت، ئاسان نییە بتوانێت کەسانی تر بناسێت. لە شیعر (هەروا لە هونەر)دا مرۆڤ چەند باسی خۆی و دونیای تایبەتی خۆی بکات، (من)ی تاکەکەس، لەو سنووورە تایبەتەدا نامێنێتەوە بەڵکو، لە رەوشی نووسین و داهێناندا، دەگۆڕدرێت بە (من)ی کەسانی تریش. خەم و خەون و ئاوات و گرفتە وجودییەکانی مرۆڤ، لە هەر کوێ بن، لە یەکترییەوە نزیکن، کاتێک لە فەزای ئەدەب و هونەردا رەنگ دەدەنەوە، مرۆڤ دەتوانێت خۆی لە ناویاندا ببینێتەوە، بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە رەنگە ئەمە چیرۆک و ئەزموونی تایبەتی کەسێکی تر بێت، کە داهێنەرەکەیە. شاعیری گەورەی پورتوگال فێرناندۆ پێسوا (١٨٨٨- ١٩٣٥) دەڵێت:

**من هیچ نیم و**
**رۆژێ لە رۆژانیش نابم بە شتێك. ئەوە نەبێ**
**لە ناخی خۆمدا**
**خەونی هەموو جیهانم هەڵگرتووە.**

ئەو کاتانەی شیعر دەنووسم، لە دەوروبەرم و تەنانەت لە خوێندنەوەش دادەبڕێم، بیر لە خوێنەر ناکەمەوە، بە تەواوی لەگەڵ خۆم و لەناو شیعردا بەند دەبم، بەڵام ئازادانە بە دونیای خۆم و بیرکردنەوە و فانتازیاکانمدا دەگەڕێم. لە رەوشی نووسیندا، چەندان جار، هۆنراوەکە دەستکاری و پاکنووس دەکەمەوە. پۆل ڤالێری (١٨٧١- ١٩٤٥) دەڵێت « تەنیا لە یەکەم دێڕەشیعردا ئیلهام دێت، بەڵام دەبێت خۆت قەسیدە، دروست بکەیت». کاتێک هۆنراوەکە تەواو دەکەم، هەوڵ دەدەم، لە نووسەری شیعرەکەوە، ببم بە رەخنەگری. بە وردی پێیدا دەچمەوە، زۆربەی جار هەندێک ئاڵوگۆڕیی تری تێدا دەکەم. لە کاتی نووسیندا، شیعر بە جۆرێک داگیرم دەکات کە هەندێک جار بە نوستووییش لەگەڵ ئەو تێکستە دەژیم کە خەریکی نووسینیم. وەک نموونەیەکی بچووک رووداوێک، لەم بارەیەوە، دەگێڕمەوە، کە خۆم ئاگام لێ نەبووە و چەند جارێک (ئێکا)ی هاوسەرم، بۆ خۆشی،



دەرگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

هەموو نامەی کتێب

**هەر تێکستێکی ئەدەبی/ فەلسەفی، پێش هەر شتێك زمانە. تێکست، بە بێ زمان، نابێت. تایبەتمەندیی هەر شاعیرێك، لە بنەڕەتدا، لە زمانەکەیدا، لە شێوازی بەکارهێنانی داهینەرانە و تایبەتییانەی زماندا دەبیندرێت. زمانێکی شیعریی پوخت**



گێڕاویەتەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ لە شام، سوریا، دەژیاین. ئەو رۆژانە بە تەواوی سەرقاڵی نووسینی هۆنراوەی (لاوکی هەڵەبجە) بووم. نیوەشەوێک، لەسەرپشت نووستبووم و بە ئارەزووی خۆم پرخاندبووم. ئێکا بە خەبەری هێنابووم بۆ ئەوەی خۆم بخەمە سەر لاتەنیشت. من پێم وتبوو چاوەڕێ بکە با ئەو دێرە تەواو بکەم و خاڵ دابنێم!

**پ4/ زۆرێك لەوانەی ئەزمونی شیعری تۆیان خوێندۆتەوە پێیان وایە ئەزمونی شیعرنوسینی تۆ ئەزمونێکی (هێمنە) بەجۆرێك کاتێك تورەش دەبیت یان نیگەران دەبیت و توشی جۆرێك لە هەڵچوون دەبیت لە شیعردا هێشتا بێزاری و تورەبوونەکانت دەربڕینێکی هێمنانەیە، بەنمونەش لە شیعری (بێ هیوا چۆن بژیم) ئەم هێمنییە لە چییەوە هاتووە، ئەوە پەیوەندی بە کەسایەتیی خۆتەوە هەیە؟ یان شیعر خۆی ئەوە دەخوازێت، ناکرێت چون لە باسی پەپولەدا مرۆڤ ناسکە ئاواش لەکاتی دەربڕینی ناشیرینیەکاندا مرۆڤ زبربێت، ئەگەر لە شیعریشدابێت؟**

**رەفیق سابیر** -مرۆڤ بەو ئەندازەیەی دەتوانێت هیمن و میهرەبان بێت، بە هەمان ئەندازە دەتوانێت زبر و توندوتیژ بێت و بەرازانە رەفتار بکات. ئەمانە حاڵەتێکی مرۆیین و لە خۆشەویستی و کینەوە سەرچاوە دەگرن. بە رای من سنووری نێوان خۆشەویستی و کینە، هەنگاوێکە. مرۆڤ بەو ئەندازەیەی دەتوانێت کەسێکی خوش بوێت و لەگەڵی هێمن و نیان و میهرەبان بێت، دەتوانێت، بە هەمان ئەندازە و زیاتریش، رقی لە هەمان کەس ببێتەوە، زبر و کینەدارانە و توندوتیژانە رەفتاری لەگەڵ بکات. ئیرەیی، دڵپیسی و هەستکردن بە فێڵ و غەدری کەسێکی نزیک، یان خۆشەویستێک دەتوانن، ئەگەر مرۆڤ وریای خۆی نەبێت، بە ئاسانی، میهرەبانی و خۆشەویستی بگۆڕن بە رق و کینە و توندتیژی. هێمنی و میهرەبانی هونەرن، مرۆڤ لە رەوشی ژیان و ئەنجامی پەروەردە و دیسپلیندا، فێریان دەبێت. کەچی زبری و کینە و توندتیژی، خوون (خوویەکی غەریزەیی/ ئاژەڵیین) کە توانای بێ سنووری برینداركردن و وێرانکردن و لەناوبردنیان هەیە. هەر دوو حاڵەتیش، مرۆیین و لە ئەدەب و هونەردا بە فراوانی دەبیندرێن.

بەڵام سەبارەت بە ئەزموونی شیعریی من، کە بەڕێزت بە ئەزموونێکی (هێمن) ناوت بردووە، رەنگە بەشێکی پەیوەندیی بە کەسایەتیی من و پەروەردە و بە هەڵکشانی تەمەن و ئەزموونی ژیانەوە هەبێت، بەشەکەی تری رەنگە تایبەتمەندی، یان لایەنێکی تری ئەزموونی شیعری و تێڕوانینی شیعریی من دەربخات، کە بەردەوام، لە رەوشی

هەواڵنامەی کتێب

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات





**شاخەوان سدیق**



**ڕەفیق سابیر**

ژیـان و نووسـیندا، گۆڕانکارییـان بەسـەردا هاتـووە. بـەڵام منیـش مرۆڤـم و مارکـس وتەنـی (هیـچ شـتێکی مرۆیـی بـە مـن نامـۆ نییـە) بۆیـە منیـش ڕەنگـە، لـە سـەردەمانێک، بـە جۆرێکـی تـا ڕادەیـەک زبـر، باسـی ئەزموونێکـی تایبەتـی خۆمـم کردبێـت.

**پ5/ کاتێـك بـەر نوسـین یـان دەقێکـی تـۆ دەکەویـن لەگەڵیـدا بـەر زمانێکـی جیـاواز لـە دەربڕیـن دەکەویـن، دەمەوێـت بپرسـم زمانـی جیـاواز یـان جیـاواز نوسـین، تـا چەنـد بـۆ نووسـەر گرنگـە؟ ئایـا زمانـی جیـاواز مەرجـە بـۆ پرۆسـەی داهێنـان؟**

**ڕەفیـق سـابیر/** هـەر تێکسـتێکی ئەدەبی/فەلسـەفی، پێـش هـەر شـتێک زمانـە. تێکسـت، بـە بـێ زمـان، نابێـت. تایبەتمەندیـی هـەر شـاعیرێک، لـە بنەڕەتـدا، لـە زمانەکەیـدا، لـە شـێوازی بەکارهێنانـی داهینەرانـە و تایبەتییانـەی زمانـدا دەبیندرێـت. زمانێکـی شـیعریی پوخـت و ناراسـتەوخۆ، پـڕ دەلالـەت و مێتافـۆر، تایبەتمەندییـەک بـە شـاعیر و شـیعرەکانی دەدات، تێکسـتەکانی دەرفەتـی لێکدانـەوەی جۆراوجـۆر و خوێندنـەوەی جیاواز دەڕەخسێنن. زمـان بـۆ نووسـەر، وەک ڕەنـگ و هێڵ بـۆ نیگارکێـش، گرنگتریـن کەرەسـتەی داهێنانـن. بـەڵام ئـەم کەرەسـتانە، وەک هـەر کەرەسـتەیەکی تـری بـۆ نموونـە دارتاشـی، یـان خانووسـازی، بێلایـەن و پاسـیڤ و کەنارکەوتـوون. داهێنـەر چالاکیـان دەکات، فۆرمـی نوێـی تایبـەت، نـاوی نـوێ و ژیانیـان پـێ دەبەخشـێت و دەیانگۆڕێـت بـە تێکسـت، یـان بـە هونـەر. لـە ڕەوشـی ئـەم گۆڕانکارییـەدا، هەسـت و هـزر و فانتازیـا و سـتایل و ئەزموونـی تایبەتـی نووسـەر/ هونەرمەنـد، ئاوێتـەی



**ڕەفیق سابی و هاوسەرەکەی**

ئەو کەرەستانە دەکرێن و لە شێوەی داهێنانێکی نوێدا، مانا و فۆرم و ناوەرۆکی تایبەت وەردەگرن. توانا و لێهاتوویی هەر هونەرمەندێک و بایەخی کارەکەی، لە هەر بوارێکدا بێت، لە چۆنییەتی و لە تایبەتمەندیی شێوازی بەکارهێنانی کەسەرەستەکانیدا، کە بۆ شاعیر زمانە، دەردەکەون. شاعیر، لە ڕێی زمانەوە، خۆی پێشان دەدات، هەست و هزر و جیهان و تایبەتمەندیی خۆی دەردەخات. جیاوازیی زمان، لە نووسیندا، جیاوازیی ستایل و بیرکردنەوەیە، جیاوازیی کەسایەتی و ئەزموون و تێڕوانینن و ئاستی هزرییە. بە رای من داهێنان لە شیعردا، پێش هەر شتێک، داهێنانە لە زماندا، دوورکەوتنەوەیە لە قالبە سواوەکانی زمان و لاساییکردنەوە، دۆزینەوەی شێوازی نوێی وتنە ، کە سنووری زمان بەرینتر دەکەن. من لە جێیەکی تر وتوومە کە ‹زمان بۆ شاعیر وەک روخسارە بۆ مرۆڤ. مرۆڤ بە روخساری و شاعیر بە زمانە شیعرییەکەی، دەناسرێنەوە›.

**پ6/ بەگشتی ئەگەر سەیری شیعری کوردی، بەتایبەت شیعری دوای ڕاپەڕین بکەین، دەبینین ڕەشبینییەکی زۆر باڵی بەسەر فەزای زۆرێك لەو تێکستانەدا گرتووە، بە تایبەت لە شیعری گەنجەکاندا، ئەویش بەجۆرێکە، کە مرۆڤ لە خوێنەوەیاندا جگە لە ئازار و برین و بێزاری تامی هیچ شتێکی تر ناکات، پێتان وایە هۆکاری ئەمە چییە؟ شیعر بۆ پیشاندانی ناشیرینیەکانی ژیانە؟ یان دۆزینەوەی جوانییە شاراوە نەبینراوەکان و دۆزینەوەی ئەو دونیا نوێیەیە کە مرۆڤەکانی تر کەمتر پەی پێدەبەن؟**

**ڕەفیق سابیر** / ئەم دیاردەیەی باسی دەکەیت ڕەنگدانەوەیەکی راستەوخۆی قەیرانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووریی باشووری کوردستانە. بەرهەمی دۆخی پڕ ستەم و فەسادی و بێدادییە، کە وڵاتی لە گەڵەکەی، بە تایبەت لە لاوان، کردۆتە زیندانێکی گەورە. کۆمەڵی کوردستان نەیتوانیوە سادەترین پێداویستییە مادی و

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

رۆحییەکانی مرۆڤ دابین بکات، بۆیە مرۆڤ بە کۆمەڵی خۆی نامۆ کراوە. گەلی باشووری کوردستان، دوای نیو سەدە قوربانی و ئەنفال و کیمیاباران و بەکوشدانی سەدان هەزار کەس، لە داگیرکارێکی بیانی رزگار بوو، کەچی لە پڕ خۆی لە ئامێزی داگیرکارێکی تردا دۆزییەوە. ئەم دۆخە نائومێدییەکی گەورەی لەناو خەڵکدا دروست کردووە، بە تایبەت لەناو لاواندا، کە بە رای من لە ریزی بەدبەختترین و ستەملێکراوترین لاوانی جیهانن. بۆیە رێکەوت نییە کە بەشێک لە لاوان بە خۆیان و کۆمەڵ و دەوروبەر نامۆ و بێئومێد بن و لە شیعرەکانیاندا، بەو شێوازەی باستان کرد، پێشانی بدەن.

لەپاڵ ئەو هۆکارانە، رەنگە تێڕوانینی سادەی بەشێک لەو شاعیرانە بۆ شیعر، کەمی رۆشنبیری و زانیاریی شیعرییان وئاگادارنەبوونی زۆربەیان لە شیعر و ئەدەبی گەلانی دی، بەرەو ئەو جۆرە شیعر و ستایلە شیعرییەی بردبن، کە هۆنراوەکانیان زیاتر لە دووبارەکردنەوە، یان تا رادەیەک لاساییکردنەوەی یەکتری دەچن. لە رووی هونەری شیعریشەوە لاوازن، راستەوخۆ، پەخشانئامێز، سادە و درێژدادڕن و بەشێکی زۆریان شایەنی بڵاوکردنەوە نین. دیارە نەبوونی، یان لاوازیی رەخنەی ئەدەبی و گروپچێتی و سێکتەچێتی و دابڕانی زانکۆ لە ژیانی ئەدەبی و رووناکبیری و کەمی و نزمی ئاستی باس و لێکۆڵینەوەی ئەکادێمی، زەمینەیان بۆ ئەم ئاژاوە ئەدەبی و کولتوورییە رەخساندووە. لە ئەنجامدا نۆرم و پێوانەی شیعری، رەخنەیی و ئێستاتیکی لە گرێژەنە چوون، زمان و جوانی و زەوقی گشتی شێوێندراون.

**پ7/ پێم خۆشە لەبارەی پەیوەندی شاعیر بە کۆمەڵگاوە سەرنجت بزانم. (پابلۆنیرۆدا) لە وتارێکیدا دەڵێت» ئێمەی شاعیران مافی خۆمانە شادومانبین. بەو مەرجەی شان بەشانی گەلەکەمان و لەکاتی بەرخۆدان و رێگای خۆشبەختیدا لەگەڵیان بمێنینەوە. یان لە جێگایەکی تردا دەڵێت» شاعیر هەرگیز سڵ لەوە ناکاتەوە بەشۆڕشگێڕ ناوی ببەن. چونکە شیعر خۆی شۆڕشە« مەبەستمە بپرسم تاچەند پێتان وایە کە دەبێت شیعر و شاعیر لەگەڵ خەڵك و لە بەرەی خەڵك بن و شیعر بەشێك بێت لە خستنە رووی ئازارەکانیان.**

**رەفیق سابیر** / ئەم پرسیارە دوو لایەنە، لایەنێکیان پەیوەندیی بە هەڵوێستی سیاسی و ئەخلاقیی شاعیرەوە هەیە، لایەنەکەی تریان پەیوەندی بە رۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتیی شیعرەوە هەیە.

لایەنی یەکەم: بەشداربوونی شاعیران و رووناکبیران، لە خەباتی ئازادیخوازانەی گەلەکەیاندا، دیاردەیەکی جیهانییە، بە تایبەت لەو وڵاتانەی بەرەورووی داگیرکردن و دیکتاتۆریا و فاشیزم بوونەتەوە. لە هەندێک لەو وڵاتانەدا، بۆ نموونە لە ئایرلەندا، فەلەستین و کوردستان، خەڵک چاوەڕوانی زۆریان لە شاعیران هەبووە، متمانەیان پێ کردوون، هەندێک جار، وەک پێشەنگی خەباتی رزگاریخوازی بۆیان روانیون. لە سەرەتای سەدەی بیستەمیشەوە، داکۆکیکردن لە ئازادی و داد و دیموکراتی، بەرەنگاربوونەوەی ستەم و دیکتاتۆریا، وەک نۆرمێکی جیهانی، بە کاری گرنگی رووناکبیران (بە شاعیرانیشەوە) دادەندرێن. چونکە رووناکبیر ناکرێت تەنیا بەتەنگ کێشە و گرفتەکانی خۆیەوە بێت، بەڵکو دەبێت لەو مەسەلە و گرفتانەیش بێتە دەنگ، کە گرفت و مەسەلەی خەڵک و کەسانی ترن و راستەوخۆ پەیوەندییان بە خۆیەوە نییە. گرامیشی لەمەش دوورتر دەڕوات و وەک بیرمەند و ئایدیۆلۆجیستێکی مارکسی، چەمکی (رووناکبیری ئۆرگانیکی) دادەهێنێت، کە ئەمڕۆ بە دەگمەن باس دەکرێت. بە بۆچوونی ئەو



هەمووانامەی کتێب



رووناكبیـر دەبێـت نـەک تەنیـا بـە هـزر و نووسـین و هەڵوێسـت لەگـەڵ پرسـی گـەڵ بێـت، بەڵكـو پێویسـتە بەكـردەوەش لـە بزووتنـەوەی سیاسـی و رێكخراوەیـی گەڵەكەیـدا بەشـدار بێـت. ئەوەنـدەی پەیوەندیـی بـە منـەوە هەیـە، بۆچـوون و هەڵوێسـتم، بـە تایبـەت لەبـارەی پەیوەندیـی نێـوان شـاعیر و گەلەكـەی، لەگـەڵ بۆچـوون و هەڵوێسـتی نێـرۆدا یـەک دەگرنـەوە. ئـەم بۆچـوون و هەڵوێستەشـم لـە گفتـار و نووسـین و كردارمدا بـە روونـی دەركەوتـوون. لـەو پێناوەشـدا باجـی كەمـم نـەداوە. هەرچـی لـەم بارەیەشـەوە وتوومـە، نووسـیومە و كردوومـە، لەبـەر خـۆم بـووە، بۆیـە منـەت بەسـەر كەسـدا ناكـەم، قەتیـش داوام لـە كـەس نەكـردووە و داواش ناكـەم وەک مـن بـكات. شـاعیر پەیامبـەر، یـان جەنـگاوەر نییـە. شـاعیر، پێـش هـەر شـتێک، مرۆڤـە. مـرۆڤ ئەوەیـە كـە دەیـكات و نایـكات. بۆیـە لاموایـە هـەر شـاعیر و رووناكبیرێـک، لـەم بارەیـەوە، ئازادە چـۆن بیردەكاتـەوە، رەفتـار دەكات و دەنووسـێت. بـەڵام دەبـێ ئـەوەش بڵێـم كـە، بـە رای مـن، یەكێـک لـە تایبەتمەندییەكانـی شـیعر ئەوەیـە مـرۆڤ بـەرەو بیركردنـەوەی ئـازاد و هۆگربوونـی ئـازادی دەبـات، ئەمـەش بـە قازانجـی داهێنانـە. هـەروا ئەخلاقـی رووناكبیـری دەخوازێـت شـاعیر (هـەروا رووناكبیـر) ئازادانـە و بوێرانـە بیـر بكاتـەوە و بنووسـێت. ئەگـەر نەشـتوانێ لـە بەرامبـەر سـتەم و بێـدادی و فەسـادی و دیكتاتۆریـادا دەنـگ هەڵبـڕێـت، لانـی كـەم پاكانەیـان بـۆ نـەكات.

لایەنـی دووەم: شـیعر لـە دەرەوەی ژیـان و ئینسـان نییـە، شـاعیریش، وەک هـەر كەسـێكی تـری كۆمەڵەكـەی، ژیـان و رووداوەكانـی دەوروبـەر كاری تـێ دەكـەن. هـزر و را و بۆچوونەكانـی دەبـن بـە بەشـێک لـە رەفتـار و ژیـان و ئەزموونـی شـاعیر، راسـتەوخۆ یـان ناراسـتەوخۆ، لـە بەرهەمەكانیـدا رەنـگ دەدەنـەوە. دەشـێت هـەر مەسـەلەیەک، كـە



هەوواڵنامەی کتێب

پەیوەندی بە مرۆڤ و سروشت و بوونەوە هەبێت، لەوانە مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، بکرێنە کەرەستە و بابەتی شیعر، بەو مەرجەی شاعیر ئازادیی بیرکردنەوە لەدەست نەدات. هەروا ئەو مەسەلانە هونەرمەندانە و شیعرییانە، باس بکرێن، شاعیر لە رووی زمانەوە، سنووردار و بەند نەکەن. چونکە لە شیعردا ئازادیی زمان بێ سنوورە و لەم لایەنەوە شاعیر، لە نووسەری ژانرە ئەدەبییەکانی تر، بەختەوەرتر و ئازادترە. بۆیە کەس ناتوانێت شاعیرێک ناچار بکات بەو جۆرە بنووسێت کە خەڵک دەیەوێت، یان ئەو زمانە بەکار بهێنێت کە خەڵک پەسەندی دەکات. بە بۆچوونی من شیعر، وەک ژانرێکی تایبەت و جیاوازی ئەدەبی، وەک دەربڕینێکی ئازادانە و وەک تێڕوانین و هەست و جیهانی ناوەوەی مرۆڤ، ناتوانێت ببێتە ئامرازی سیاسی و کۆمەڵایەتی. شیعر، لە بنەڕەتدا، بۆ ئینسانە، هەر کاریگەرییەکی هەبێت، دەکرێت لە رێگای ئینسانەوە، نەک بە هۆی گۆڕینی شیعر بۆ ئامرازی سیاسی، دەربکەوێت.

**پ8/ قسەیەکی بوزییەکان هەیە دەڵێت» هەوڵبدە زۆر سەفەربکەی، تەنانەت ئەگەر بۆ گەڕەکی ئەودیو ماڵەکەی خۆشت بێت، ئەوەش لە خوێنەوەی کتێبێک گرنگترە« من دەزانم تۆش یەکێکیت لەوانەی سەفەرت زۆرکردوە لە زۆر شوێنی دونیا ماویتەوە، دەمەوێت بپرسم، گەڕان و سەفەر تاچەند بۆ نوسەر، بەتایبەت بۆ رۆئیای شیعری شاعیر گرنگن، بینینی دونیا چی بەتۆ بەخشیوە و چ کۆمەکێکی بۆ پرۆسەی نوسین لای تۆ هەبووە.**

**رەفیق سابیر** /سەفەرکردن، ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت، دەرچوونێکە لەناو بازنەی داخراوی شوین و کات، کە خۆشی و زانیاری و جۆرە ئەزموونێک بە مرۆڤ دەدات. هەروا سەفەرکردن، وەک شیعرنووسین، گەشتێکی پڕ لە پرسیار و چاوەڕوانییە بەرەو شوێنی نادیار و نەناسراو (المجهول) بە ئامانجی پشکنین و بینین و حەسانەوە و دۆزینەوە.

دیارە هەر کەسێک لە ئەوروپا بژی، دەتوانێت ساڵانە، ئەگەر بیەوێت، چەند جارێک سەفەر بکات. من وێرای سەفەرێکی زۆری وڵاتانی جۆراوجۆر، چەندان ساڵیش، بۆ خوێندن، کارکردن و حەوانەوە، لە کۆمەڵێک وڵاتدا ژیاوم. ئەوا نزیکەی بۆبیستوهەشت ساڵیشە لە سوێد گیرساومەتەوە. ئەم ئەزموونانەم، لەگەڵ هەندێک سەختی و سەرئێشەی خۆیاندا، پڕ لە جوانی، فرەرەنگی، بەخشندەیی و خۆشی بوون. ژیان و خوێندن و کارکردن، لە وڵاتانی جیاوازدا، خوێندنی زمانانی جۆراوجۆر و بیرکردنەوە و خوێندنەوە بەو زمانانە، ئاشنابوون بە ئەدەب و هونەر و کولتوور و شێوەژیانی گەلانی لێک جیاواز، گەڕان بە ناو شاران و مەلەکردن لە دەریای جۆراوجۆردا، بینینی مۆزەخانەی مێژوویی و هونەریی دەیان وڵات، ناسینی کەسانی سەر بەنەتەوە و کولتووری تر و دڵداریکردن بەزمانانی جیاواز ..تاد، ئەمانە و زۆر شتی تریش، منیان، وەک مرۆڤ و شاعیر، گۆڕیوە. لە رەوشی ئەم ئەزموون و ژیانە بزۆز، فرەئەزموون، فرەکولتوور و فرەرەنگەدا، دەتوانم بڵێم هزر و تێڕوانینم ئازادانەتر و ئەزموونی شیعرییم جیاوازتر و سەرچاوەی رووناکبیرییم فرەجۆر و بە پێزتر بوون. ئەمەش لە بیرکردنەوە و تێڕوانین و رەفتار و بەرهەمەکانیشمدا رەنگیان داوەتەوە، تایبەتمەندی و جۆرە فرەڕەنگییەکیان بە ئەزموون و ستایلی شیعرییم بەخشیوە، کە باوەڕ ناکەم کاری من بێت باسیان بکەم.



هەوواڵنامەی کتێب

# ڕەفیق سابیر

## بێ هیوا چۆن بژیم



دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات



بێ هیوا چۆن بژیم
بێ ئاسمانی ئەشقت چۆن بفڕم!
تۆ نەبیت
فێرم کە چۆن دڵم هەڵبگرم!

**II**

لە دوای تۆ
ئەم دڵە شکاوەم وەك چرای بەر زریان
دەخەمە سەر دەستم
لە یەکەم ڕێکەوتدا هەر کەسێك بێتە ڕێم
پیر یان جوان
دڵمی پێ دەبەخشم،
گرنگ نییە هەر کەس بێت گرنگ نییە،
تۆ نەبیت من دڵم بۆ چییە؟

**III**

تۆ نەبیت ڕۆح سارا ڕۆح تەنیا
لە گەرمەی سوتانیا
دامرکاو بەخۆیدا ڕۆدەچێت.
ڕۆح نەبێت، سەرداری ڕۆح نەبێت، کە خۆتی
من جەستەم بۆ چییە؟

**IV**



لە دوای تۆ

گرنگ نییە گەر جەستەم باخێك بێت

رووناکی و گوڵ بگرێت،

یان جەستەم خاکێکی وێران بێت

تەرمێك بێت ئاو بیبات

سەگ بیخوات، گرنگ نییە

تۆ نەبیت من جەستەم بۆ چییە؟

لەدوای تۆ

هیچ شتێك گرنگ نییە.

V

تۆ نەبیت چیمداوە لەم ناوە

دەڕۆم و ئەم شارە جێ دێڵم

شار بێ تۆ چۆڵستان

شەوستان.

لە دوای تۆ

بە من چی خێڵخانەی ژنکوژان،

ئاوا بێت یان وێران؟

VI

پێموتی بێتۆیی مردنە





جێهێشتن توندترین شێوازی کوشتنە.
لەسەرخۆ گوڵە گیان، لەسەرخۆ!
کوشتنیش بەهانەی خۆی هەیە
کوشتنیش ڕێسای خۆی،
وادەی خۆی
ئێتیکی خۆی هەیە
وریابە گیانەکەم، وریابە!
ئەم گەمەی کوشتنە ژانی خۆی
کۆتایی خۆی هەیە.

لە دوای تۆ
ستایلی ژیانم دەگۆڕم
ناوی خۆم
ئاینم
زمانم دەگۆڕم.
چەند سەختە لە دوای تۆ
دەبێت خۆم بە دنیای بیتۆیی ڕابێنم
دەبێت خۆم، بەبێ تۆ
ژیانم ڕایی کەم



خۆم شوێن و
زەمانی مردنم دیاری کەم.
٨
لە دوای تۆ
لە جوانی دەڕەنجێم
لە شیعر دەتۆرێم
شاعیرانە دەمرم
شاعیرانە دەژیم و
قەت شیعر نانووسم
تۆ نەبیت
ڕۆح وێران
دڵ وێڵ و سەرگەردان
جوانیی چی؟
شیعری چی؟
بۆ شیعر بنووسم گوڵە گیان؟
٩
لە دوای تۆ
لە وڵات زیز دەبم
لە ژیان، لە خۆشم دەتۆرێم
گرنگ نییە چۆن دەژیم
گرنگ نییە چۆن دەمرم



هەوواڵنامەی کتێب

وەك پیاوێكی بێڕێ
بەرەو كام جێی دوور و لاچەپە
بێ ئامانج سەری خۆم هەڵدەگرم
خۆم غەریبی شاران،
خۆم نامۆی زەمانە
تەنیایی دەبێتە وڵاتم
شێتبوونیش دەبێتە دوا پەنا، دوا لانە
وەك میری ئاشقانی دڵشكاو
دەبم بە دێوانە.

١٠

لە دوای تۆ
چۆن نەمرم؟
فێرم كە تۆ نەبیت
چۆن بژیم؟
چۆن دڵم هەڵبگرم؟

تۆ نەبیت
هیچ شتێك گرنگ نییە
لە دوای تۆ
ژیانم بۆ چییە



هەووالنامەی کتێب

# بێ هیوا چۆن بژیم

مارف عومەر گوڵ

هەوواڵنامەی کتێب





زۆر جار پەرۆشـیەك وا ناخـی مـرۆڤ دەهەژێنێـت، نازانـێ چـۆن بـدوێ و هـاواری بـە کـێ بگەیەنێـت . ئەگـەر ئـەو مرۆڤـە بتوانـێ بـە وشـە ئـەو پەرێشـانیە بنەخشـێنێت، ئـەوا وشـەکانی ئـەو دارشـتنەی قورسـایی و کاریگەریـی خۆیـان هەیـە ، هـەم لـە دەربڕینـدا هـەم بـە ڕووی خوێنەرانیـدا . ڕەفیـق سـابیر بـە بـەراورد بـە شـاعیرە دیارەکانـی هاوتەمەنـی خـۆی بەرهەمـی شـیعری کەمـە، بـەڵام کاریگەریـی بەرهەمەکانـی دیـارن.

لـە سـەرەتای سـاڵانی حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردودا، ئێوارەیـەك لـە بـارەگای کۆمەڵـی هونـەرو وێـژەی کـوردی لـە کەرکـووك لەتیـف هەڵمەتـی شـاعیر وتـی بـا نامەیەکـی ڕەفیـق سـابیرتان بـۆ بخوێنمـەوە تـازە بـۆی ناردوم ، ئـەو نامـەش شـیعریکی تـازەی ڕەفیـق سـابیر بـوو بـە ناونیشـانی : ( شـەوێك لـە سـەر گـۆڕی وەلـی دێوانـە ) .

« ئـەی دێوانـە / ئەمشـەو پەنـام هێنـاوە، تـا / خـەم و کوڵـی، هەنـاو و دڵـی وێرانەمـت بـۆ هەڵڕێـژم / بـە دوو لێـوی لـەت و پەتـم / هۆنراوەیەکـی ڕەشپۆشـت بـۆ بیێـژم ....... »

ئـەو کاتـە هـەر بـە نـاو ئـەو شـاعیرەم دەناسـی، دواتـر کـە ئـەو شـیعرە بـڵاو کرایـەوە ئەوەنـدە بـە پـەرۆش وگـوڕەوە خوێندمـەوە هەتـا ئێسـتاش چەنـد دێرێکـی سـەرەتاکەیم هـەر لـە بیـر مـاوە .ئیـتر ڕۆژگار تێپـەڕی و لـە نزیکـەوە شـاعیرم ناسـی و زیاتـر ئاشـنای بەرهەمەکانـی بـووم.

ئـەم شـیعرەی ئێسـتا لێـی دەدوێـم ( بێ هیوا چـۆن بژیـم / دیوانی رەفیق سـابیر، ناوەنـدی غەزەلنـوس، چاپـی یەکـەم، 2014 ، ل 37 )، پێداگرتنێکـی تۆکمـەی تێدایـە ئەگـەر بـێ هیـوا بـژی ئـەوا دەبێتـە دێوانـە، لـە دێـڕی یەکەمیـدا بـە ( هیـوا ) دەسـتپێدەکات و لـە دوا دێڕیشـدا بـە ( دێوانـە ) کۆتایـی دێـت. ئـەم شـیعرەی رەفیـق سـابیر بـێ نیشـتمان و بـێ مـاڵ و حاڵـە، لـە گـەڵ مرۆڤـدا کۆچـەرەو ئـەو لـە کـوێ بحەوێتـەوە ئـەو شـوێنە ماڵـی شیعرەکەشـە، سـنورێکی دیاریکـراوی جوگرافـی نامانبەسـتێتەوە بـە شـیعرەکەوە و بـە پێچەوانەشـەوە شـیعرەکەش نامانبەسـتێتەوە بـە سـنورێکی دیاریکـراوی جوگرافیـەوە ، بەڵکـو گوزارشـت لـە سـاتە تایبـەت و هەسـتیارەکانی مـرۆڤ دەکات، هەرکەسـێك لـە هـەر شـوێن و ڕەگەزێـك بێـت بیخوێنێتـەوە ، دەیبزوێنێـت . بـە هەمـان شـێوە، ئـەم بەرهەمـە لـە چوارچێـوەی سـەردەمێکی دیاریکراویشـدا ڕامانناگرێـت ، بەڵکـو کاتەکـەی کراوەیـەو لـە هـەر سـنور و سـەردەمێکدابێت هـەر هەمـان بەرهەمـی خۆڕسـکە و هـاوڕێ و هاودەمـی مروڤـە. کەواتـە، نـە کات و نـە شـوێن لـەم شـیعرەدا دیاریکراونیـن ، بـەڵام زۆر گرنگـە بڵێیـن زمانـی ڕەسـەنی شیعرەکە ( خوکوردیـە ). ئیـتر بـە ناسـنامەیەکی کـوردی و دونیابینیەکـی فراوانـەوە شـیعرەکە لـە دایـك بـووە ، بۆیـە لـە خوێندنـەوەدا لـە بەرانبـەر بەرهەمێکـی زیندودایـن.

ئەم شیعرە پەیامێکـی لـە خـۆ گرتـوە، شاعیر ناتوانێـت بـێ هیـوا بـژی، لـە دوای ( ئـەو ) دڵ کەرەسـەیەکی شـکاوەو وەك چـرای بـەر زریانـی بـە سـەر دێـت، هـەر بۆیـە: ( جێهێشـتن توندتریـن شـێوازی کوشـتنە ). لـە شـەیدایی و سەوداسـەریدا زۆر زەحمەتـە، زۆر سـەختە تووشـی دابـڕان و پشـت لـە یەکترکـردن بیـت، نەخوازەڵـلا پێداگـری و دڵڕەقـی، بەرانبەرەکـەت بـە ئاراسـتەیەکی بـەرەواژدا بەرێـت . کەواتـە ، بوونـی ئـەم ، ڕوحـی ئـەم ، بـە بوونـی ئـەوەوە هاوکێشـەی یەکانگیریـی تـەواو دەکات و هەسـت بـە بوونێکـی ئاسـایی و ئـارام دەکات، بۆیـە:

**سەرداری رۆح نەبێت، کە خۆتی**
**من جەستەم بۆ چییە ؟**
**پێموتی بێتۆیی مردنە**
**جێهێشتن توندترین شێوازی کوشتنە.**

## ڕەفیق سابیر لەم شیعرەیدا مەودایەکی بەرینی خەیاڵی شاعیرانەی دروست کردوە، وێنەی جوان و زمانێکی ڕۆمانسیانەی تێکەڵ بە هەستێکی مرۆڤانە کردوە، زیندوێتی شیعرەکە ش هاندەرم بوو تاکو لە سەری بنوسم



بێ ئەو ژیان هێندە سەختە دەگاتە ئاستی مردن، ئەویش کوشتن نەك مردنی ئاسایی. ڕۆژێك دێت شیرازەی پەیوەندیی و هۆگربوون تێکدەچێت و کار لە کار دەترازێت . مرۆڤ هەرچەند شەیدا و پابەندی مەسەلەیەك بێت، لە هەندێ حاڵەتدا، ئەگەر ئەرك و ژان و کوتانەوە سنوری خۆی تێپەڕاند، ڕەنگە تۆران و تووڕەبوون جۆرە ترازانێك دروست بکات، ئیتر گەمەکە هەرچەند بە زام و بە سوێ بێت ئەوا( کۆتایی خۆی هەیە ):

**وریابە گیانەکەم ، وریابە !**<br>
**ئەم گەمەی کوشتنە ژانی خۆی**<br>
**کوتایی خۆی هەیە .**

ئیتر لە دوای ئەو سەرلەبەر ژیانی دەگۆڕێت و لە دۆخی ئەو دواندنەوە دەچێتە دۆخێکی دیکەو ناچار زمان و زەمان داهاتوی خۆی دەگۆڕێت و لە گەڵ قۆناخێکی دیکەدا خۆی دەگونجێنێت :

**چەند سەختە لە دوای تۆ**<br>
**دەبێت خۆم بە دنیای بێتۆیی رابێنم**<br>
**دەبێت خۆم، بە بێ تۆ**<br>
**ژیانم رایی کەم**<br>
**خۆم شوێن و**<br>
**زەمانی مردنم دیاری کەم.**

لەم شیعرەدا ( ئەو ) دواندن دۆخێکە و دوای ( ئەو ) یش سەرهەڵگرتن دۆخێکی دیکە. ئیتر ئەو کەسێك بێت یان مەسەلەیەك یان ڕەمز و هێمای مەبەستێکی بایەخدار، هەرچۆنێك بخوێندرێتەوە پەیامێکی پیرۆز و شکۆدارە.

لە ڕوی شێوەو تەکنیکی شیعرەکەوە، پێویستە بچینە سەر لایەنی هونەریی و لە بیناکاریی و سەنعەتسازیی بەرهەمەکە بدوێین. سەرجەمی ئەم شیعرە لە سەر کێشی ( سێ بڕگەیی ) دەڕوات، لە هەندێ شوێندا تووشی لەنگی و شکاندنی کێش دەبین، ئەگەرچی وشەو ڕستەکان لە دژی یەکتر بەکارنەهاتوون و یەکتر تەواو دەکەن ، بۆیە هەر لەنگی و لاسەنگییەکیش لە کێشدا هەبێت، بە تەکنیکی خوێندنەوە چارەسەر دەبێت و ئاوازە شکاوەکەی ڕاستدەکاتەوە. هەر لە دووەم دێڕی شیعرەکەدا بەرەو ڕووی ئەم حاڵەتە دەبینەوە:

**بێ هیوا چۆن بژیم !**<br>
**بێ ئاسمانی ئەشقت چۆن بفرم !**

خوێندنەوەی وەکو وشەکان چۆن نوسراون کێشی دێڕی دووەم لەنگ

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە دەریدەکات

دەکات، چونکە کێشە سێ بڕگەییەکە دەشکێت ، بەمجۆرە:

**( بێ هیوا / چۆن بژیم = 3 + 3 بڕگە**

**بێ ئاسمانی / ئەشقت / چۆن بفڕم = 4 + 2 +3 بڕگە ) .**

بۆ چاککردنەوەی ئەو لەنگیە پێویستە دێڕی دووەم بە لەتکردنی وشەی ( بێ ئاسمان ) بۆ دوو بەش بە یەك نەفەس بەم دابەشکردنە بخویندرێتەوە:

**( بێ ئاسما / نی ئەشقت / چۆن بفڕم = 3 + 3 + 3 بڕگە) .**

لە بەر ئەوەی کێشی شیعرەکە بە ( سێ بڕگەیی ) چندراوە، ئیتر لە خوێندنەوەدا وا پێویست دەکات دێڕەکان لە سەر مۆسیقای ئەو کێشە بڕۆن ، بۆیە هەر لادانێك مۆسیقاکەی لەنگ دەکات ، جا شاعیر ( پێ بزانێ یا نەزانێ ) پێویستە تەکنیکی خوێندنەوەکەی وا بەکاربهێندرێت ئەو لاسەنگیە راست بکاتەوە. کەواتە، لە کاتی بەکارهێنانی کێشدا بیناسازیی دێڕەکان نەخشەیەکی هاوئاهەنگمان دەداتێ.

لە خوێندنەوەی ئەم کۆپلەیەدا دوو سەرنجمان لا دروست دەبێت:

**لە یەکەم ڕێکەوتدا**
**هەر کەسێك بێتە ڕێم**
**پیر یان جوان**
**دڵمی پێ دەبەخشم،**
**گرنگ نییە هەر کەس بێت**
**گرنگ نییە،**
**تۆ نەبیت**
**من دڵم بۆ چییە ؟**

ڕستەی ( پیر یان جوان )، لێرەدا بە ( سێ بڕگە ) دەخوێندرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئاگادارنەبین وشەی ( جوان ) لە خوێندنەوەدا لە ( یەك



ڕەفیق سابیر

بڕگە / جوان) دەترازێ و دەبێتە ( دوو بڕگە / جووان) . کەواتە لە جێگەی خۆیدایە کە بە ( یەك واو ) نوسراوە . ئەمە بە پێچەوانەی وشەی ( نییە ) کە بە ( دوو یا ) نوسراوە و ئاوازی دێڕەکەی لەنگ کردوە، لێرەشدا پێویست بو بنوسرێت : ( گرنگ نیە / سێ بڕگە ) نەك وەکو ئێستا کە لە خویندنەوەدا ( گرنگ نییە / چوار بڕگە ) یە. لە کۆپلەیەکی تردا دیسانەوە تووشی وشە شکاندن دەبین بۆ ئەوەی خۆمان لە لەنگی مۆسیقای دێڕەکە بپارێزین :

**لە شیعر دەتۆرێم**
**شاعیرانە دەمرم**
**شاعیرانە دەژیم و**
**قەت شیعر نانووسم.**

لە هەردوو دێڕەکەدا وشەی ( شاعیرانە / چوار بڕگە ) یە، بۆ دەربازبوون پێویستە وشەکە بەمجۆرە دابەش بکەین : ( شاعیرا / نە دەژیم = 3 بڕگە + 3 بڕگە ) . بەڵام پێویستە بە یەك نەفەس بەو دابەشکردنە بخوێندرێتەوە. لێرەدا شاعیر دەیتوانی خۆی بە

هەمووانامەی کتێب

داڕشـتنێکی تـر دەربـاز بـکات و هەمـان مەبەسـت بپێکێـت ، دەیتوانـی بنوسـێت: ( وەك شـاعیر دەمـرم / وەك شـاعیر دەژیـم و ) . کەواتـە، لـە کاتـی پێویسـتدا دەتوانیـن داڕشـتنەکە بگۆڕیـن و شـێوازێکی گونجـاو تـر دروسـت بکەین.لـە چەنـد شـوێنێکی دیکەشـدا تووشـی حاڵەتـی شـێوازی نوسـینی وشـە و شـێوەی داڕشـتنی ڕسـتەی شـیعری دەبینـەوە . لیـرەدا شـاعیر دەڵێـت:

**تۆ نەبیت**

**هیچ شتێك گرنگ نییە**

**لە دوای تۆ**

**ژیانم بۆ چییە ؟**

دێـڕی ( هیـچ شـتێك گرنـگ نییـە ) لەنگـەو ( گرنـگ نییـە ) بـووە بـە چـوار بڕگـە . واتـە ، بڕگەکانـی بەمجۆرەیـە : ( هیـچ شـتێك = 3 بڕگـە / گرنـگ نییـە = 4 بڕگـە ) . لێرەشـدا دەتوانـرا ئـەو گرفتـە بـە گۆڕینـی شـێوەی داڕشـتنەکە چارەسـەر بکرێـت، لـە جیاتـی ( هیـچ شـتێك گرنـگ نییـە ) دەکـرا بنوسرێـت : ( هـەر شـتێك بـێ بایـەخ ) .

لـە چەنـد شـوێنێك ( گرنـگ نییـە ) دووبـارە بۆتـەوە کـە دەبێتـە ( چـوار بڕگـە )، لـە کاتێکـدا نوسـینی بـە ( گرنـگ نیـە ) دەبـکات بـە ( سـێ بڕگـە ). لـە دێڕێکـی دیکەشـدا شـاعیر دەڵێـت : ( وەك پیاوێکـی ونـڕێ ). کێشـی دێڕەکـە بەمجـۆرەی لێهاتـوە : ( وەك پیاوێکـی = 4 بڕگـە / ونـڕێ = 2 بڕگـە ). لێـرەدا بـۆ ڕاسـتکردنەوەی ئـەو لەنگیـە بـە جـۆری خوێندنەوەکـەی وشـەکە دابەشـدەکرێت و بەمجـۆرەی لێدێـت: ( وەك پیـاوێ / کـی ونـڕێ = 3 + 3 بڕگـە ). خـۆ بـە داڕشـتنێکی تـر دیسـان چارەسـەر دەبـوو، هیچـی لـە ماناکـەی نـە دەگـۆڕی ئەگـەر بنوسرابایـە ( وەك کەسـی / سـەرگەردان ) .

شـاعیر بـۆ دەربازبـوون لـە دووبارەبونـەوەی وشـە لێـرەدا وشـەی هـاو واتـای بەکارهێنـاوە:

**خۆم غەریبی شاران،**

**خۆم نامۆی زەمانە**

بـەڵام ئـەم وشـە گۆڕکێیـە لێـرەدا ڕسـتەکەی لەنـگ کـردوە، واپێویسـت دەکات لـە خوێندنـەوەدا وشـەکە لـەت بکرێـت . خـۆی بەمجۆرەیـە: (خـۆم غەریبـی = 4 بڕگـە / شـاران = 2 بڕگـە )، بـۆ ڕاسـتکردنەوە پێویسـتە بەمجـۆرە بخوێندرێتـەوە: ( خـۆم غـەری / بـی شـاران = 3 بڕگـە + 3 بڕگـە ) .بـە جۆریکـی تریـش چارەسـەر دەبـوو ئەگـەر بوترایـە: ( خـۆم نامـۆی شـارانم / خـۆم نامـۆی زەمانـە ).

لە دوو دێڕی کۆتاییدا شاعیر دەڵێت :

**وەك میری ئاشقانی دڵشکاو**

**دەبم بە دێوانە.**

ئەگـەر وەکـو شـێوەی نوسـینەکەی دێڕەکـە بخوێنینـەوە ، ئـەوا دێـڕی یەکـەم بەمجـۆرەی لێدێـت : ( وەك میـری / ئاشـقانی / دڵشـکاو = 3 + 4 + 3 بڕگـە )، بـەڵام زۆر ئاسـایی و گونجـاوە وشـەی ( ئاشـقانی = ئاش/قا/نـی ) وا سـووك لـە سـەر زمـان بخوێندرێتـەوە. لـە شـیعری تـازەدا ئەگـەر کێـش بەکارهێـنرا، پێویسـتە زۆر بـە ئـاگاوە شـاعیر پابەنـدی ئـەو کێشـە بێـت کـە خـۆی هەڵیبـژاردوە ، زۆر جاریـش پێویسـتی وا دەکات سـەیری ئیقاعـی وشـەکان بکرێـت و لەتبـون و دابەشـبونی وشـەو ڕسـتەش دروسـت بیـت. دەکـرێ لـە شیعرێکیشـدا تـەواو دەسـتبەرداری کێـش بیـت و هەوڵـی پاراسـتنی ئیقاعـی شـیعرەکە بدرێـت.

ڕەفیـق سـابیر لـەم شـیعرەیدا مەودایەکـی بەرینـی خەیاڵـی شـاعیرانەی دروسـت کـردوە، وێنـەی جـوان و زمانێکـی ڕۆمانسـیانەی تێکـەڵ بـە هەسـتێکی مرۆڤانـە کـردوە، زیندوێتـی شـیعرەکە ش هانـدەرم بـوو تاکـو لـە سـەری بنوسـم.

# ئاوێتەبوون

کەسێک لەتاریکیدا مۆمێکی داگیرساند
بەپەنجەیەک، کە رووناکی لێ دەچۆڕا
رێگایەکی نوێی پیشان داین.

ئەو لەبەر هەمووان و
بەناوی ئازادی و ژیان
مۆمەکەی داگیرساندو چوو
ئەو ئاوێتەی رووناکی بوو.

ئەودەستەی مۆمەکەی داگیرساند
بیری هێناینەوە مۆمێ، تاکە مۆمێ
لەوانەیە شەو بگۆڕێ بە چراخان،
دەشێ دەستێک باخی جوانی ئاوا بکاو
مانای نوێ بدات بە ژیان.

ئەو ئینسان بوو
سادە وەک خاک
دۆستی و هەڤاڵی هەمووان بوو
شەوێک بە بێدەنگی هات و
بێدەنگانە بە رێی خۆیدا گەڕایەوە
ئەو چوو
رووناکی مایەوە.

رەفیق

- بۆ گۆڤاری باران

عەودالانی کتێب